تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5751) پێنج شەممە 16ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

پێویستە گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان نەبێتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی داعش کەم ببێتەوە



دوێنێ چوارشەممە 2019/5/15 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە جۆن ویلکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق و مارتین وار کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا بیروڕا لەبارەی دواپێن پێشهاتە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و هەروەها پرۆسەی سیاسیی عێراق ئالۆگۆڕ کرا و وێڕای ئاماژەدان بە بەردەوامیی هەڕەشە و مەترسییەکانی داعش لەسەر ئاساییشی عێراق و ناوچەکە جەخت لەوە کرایەوە کە گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان نەبێتە هۆی ئەوەی تەرکیز لەسەر شەڕی داعش کەم ببێتەوە.

ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان لە پارێزگای نەینەوا و هەروەها کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئێزیدییەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دابینکردنی ئاساییش و خزمەتگوزاری لە ناوچەکانیان تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو.

ئەمەریکا داوا لە فەرمانبەرە حکوومییە ناسەرەکییەکانی دەکات عێراق جێبهێڵن

دوای تووندبوونی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر نەیارەکانی لە ئەمەریکا و خۆئامادەکردنی ئەمەریکا بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ سوپای پاسداران و رژێمی ئێران، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڕیاری دا کونسولخانەکەی لەهەولێر و باڵیۆزخانەکەی لەبەغدا بەڕووی داواکاری قیزەی ئاسایی بە هاوواڵتیان بەشێوەیەکی کاتی رابگرێت و داواشی لەکارمەند و هاووڵاتیانی ئەمەریکاش دەکات عێراق بەجێبێڵن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ باڵیۆزی کۆماری بیلاڕووسیا لە عێراق تاوتوێکرد

لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی باش و گونجاو بۆ کۆمپانیاکانی بیانی لە گشت سێکتەرەکان هەیە



دوێنێ چوارشەممە 2019/5/15 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەندرێی ساڤینیک باڵیۆزی کۆماری بیلاڕووسیا لە عێراق کرد.

لە دیدارێکدا، وێڕای تاوتوێکردنی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری بیلاڕووسیا خرایەبەرباس.

لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی، ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندی دووقۆڵی لەگەڵ کۆماری بیلاڕووسیا نیشاندا و ئاماژەی بەوەدا، کە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتی باش و گونجاو بۆ کۆمپانیاکانی بیانی لە گشت سێکتەرەکان هەیە.

لەبەرامبەردا باڵیۆزی کۆماری بیلاڕووسیا باسی لە توانای وڵاتەکەی لەڕووی پیشەسازی و ئابووری کرد و خۆشحاڵی خۆی بە پتەوکردنی پەیوەندی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا، کە ئەوان لەلای خۆیانەوە خوازیارن لە زۆر بواردا، لەوانەش بوارەکانی بازرگانی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و کشتوکاڵ لە نێوان کۆماری بیلاڕووسیا و هەرێمی کوردستان پەرەپێبدەن.

دۆخی شنگال لە دەست دەرچووە

دۆخی شنگال ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و قایمقامی شارەکەش دەڵێت، لە شنگالدا شتێک نەماوە بە ناوی ئیدارە و ڕەوشی شارەکە لە دەست دەرچووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ دەستی لەکارکێشایەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە حزبەکەی ڕاگەیاند، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ "ئەوەی ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی پێیدا تێپەڕدەبێت قۆناغێکی خراپە و دەرەنجامی خراپتریشی دەبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



به عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد

پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هاوشێوەی زەمانی بەعسییەکان، دەست کراوە بە بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان و ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردە بۆ سەرژمێریی ساڵی 2020 و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

15 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ڕایگەیاند، لە ئەنجومەنەکە، 15 ئەندام بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون و لە پەرلەمانیش لیژنەیان لەسەر دروست کراوە، بۆیە ئەگەر تۆمەتەکان ساخ بوونەوە، لێپچێینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



لە بەسرە سەکۆی مووشەکی دژی هێزەکانی ئەمەریکا دانراوە

سەرکردەیەکی بالای عێراقی ئاشکرای دەکات، کە لە پارێزگای بەسرەی باشووری وڵاتەکەی، سەکۆی مووشەکی دژی هێزەکانی ئەمەریکا دانراوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

جوان یونس ڕۆژبەیانی:

داوا دەکەین دۆخی ناوچە کوردستانییەکان ئاسایی بکرێتەوە

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان دەکات و پێی وایە کە ئەم دۆخە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لە هەولێر.. پرۆژەی بەستانی پێوەری زیرەک کەوتە واری جێبەجێکردنەوە



دەمێکە لێرەو لەوێ پرۆژەی پێوەری زیرەک (سەعاتی کارەبا) کە وەزارەتی کارەبا خاوەنییەتی، باسی زۆری لەسەر دەکرێت و هەرجارەو باس لە بیانوویەک دەکرا کە پرۆژەکە بەهۆیەوە نەتوانراوە جێبەجێبکرێت، دوای ئەمە بێدەنگییەک باڵی بەسەر ئەو پرۆژەیەدا کێشا، کەچی لەم ماوەیە دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرایەوە و ئەمجارە کارەکان وەک ئەوەی پلانی بۆ داندراوە بەڕێوەدەچن. **(زیاتر لە ل6-7 بخوێنەوە)**



قارس- باکووری کوردستان: وێڕای زۆری بەروبووومی کشتوکاڵی، بەڵام هێشتا لەهەندێ شوێندا کێڵان بە ئامێری سادە دەکرێت

پرسەنامەی سەرۆک بارزانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەر عەبدولڕەزاق سافی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی سەرکردەیەکی دیار و تێکۆشەرێکی دێرینی لەدەست دا کە ژیانی خۆی بۆ عێراقێکی دیموکراسی و پێشکەوتوو تەرخان کرد کە تیایدا هەموو پێکهاتەکان بە مافەکانیان شاد بن. هەڵوێستەکانی ئەو تێکۆشەرە بەرانبەر دۆزە ڕەواکەمان بەدرێژایی میژووی خەباتمان، هەڵوێستی شەرەفمەندن و گەلەکەمان و سەرجەم هێزە سیاسییەکان و ناوەندە هزری و ڕۆشنبیرییەکان شانازی پێوە دەکەن.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە خۆمان و خانەوادەکەی و تێکۆشەرانی حزبی شیوعی عێراقی دەکەین. لەخودای گەورە دەپارێمەوە گیانی ئەو تێکۆشەرە کۆچکردووە بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبر و ئارامیش بە کەس و کار و هەڤاڵانی ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

مسعود بارزانی
2019/5/14

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بۆ خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد قاسم ئۆغلۆ

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد قاسم ئۆغلۆ

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی سیاسی و ئەدیب دۆست(ئەحمەد قاسم ئۆغلۆ)مان پێگەیشت.

بەڕێز (ئەحمەد قاسم ئۆغلۆ) یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان- باکور) بوو، سااڵنێکی زۆر لە ڕیزی ئەو حزبە خزمەتی بە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری ئەدەبی کوردی بەشێوەزاری زازایی جێدەستی دیارە. هاوخەمی بۆ خانەوادە تێکۆشەرەکەیان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی کەسوکار و خزم و هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان- باکور دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی
2019/5/15

ڕوونکردنەوەیەک

لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو هەواڵێکی نادروست بڵاوکراوەتەوە لە ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن سەبارەت بە گواستنەوەی ڕاژەی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی دیوان بۆ وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم.

ئێمە لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم سەرلەبەری ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەینەوە کە بابەتەکە پەیوەندی بە لایەنی سیاسییەوە هەبێت. و ڕاستی هەواڵەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوە و (ترشیق) کردنی هەیکەلیەتی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، بڕیاردراوە بە ئەنجامدانی ژمارەیەک گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوەی میلاکات و لەسەر ئەم بنەمایەش ژمارەیەک لە فەرمانبەرەکان کە میلاکیان زیادەیە، ڕاژەکانیان گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بتوانرێ سوود لە توانا کانیان وەربگیرێت لە دامەزراوەکانی هەرێم. و گشت لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە پرۆسەکە تەنها ڕێکارێکی کارگێڕییە و هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی سیاسییەوە نییە و خەڵکی بێلایەن و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لایەنەکانی تری تێدایە.

لە کۆتاییدا داواکارین لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕەچاوی بنەماکانی ڕاستگۆیی بکەن لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان.

نێچیرڤان بارزانی و بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق کۆبوونەوە

هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لایەنێکی کۆبوونەوەکە بوو



هەردوولا باسیان لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەریتانیا، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا کرد بەتایبەتی کە بەهۆیەوە ژمارەیەک کێشە چارەسەر کران و لەمبارەیەوە بەڕێز ویلکس دەستخۆشی لە هەوڵ و ماندوبوونەکانی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد.


بەڕێز ویلکس پوختەیەکی دەربارەی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و ئەنجام گەیشتنی گفتوگۆکان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

لە کۆبوونەوەی نێوان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و بەڕێز جۆن ویلکس بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق، دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و دۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق بەتایبەتی و ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کرا و هەردوولا دیالۆگ و گفتوگۆیان بۆ چارەسەری کێشەکان وەک تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە، بە پێویست زانی.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەمە 2019/5/15 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز مارتن وار کونسولی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری سەربازی ئامادەی بوو، پارێزگای دهۆک و بەسەرکردنەوەی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران و پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان خستە ڕوو.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بە ئەنجام گەیشتنی گفتوگۆکان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

ئەمەریکا داوا لە فەرمانبەرە حکوومییە ناسەرەکییەکانی دەکات عێراق جێبهێڵن



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

دوای تووندبوونی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر نەیارەکانی لە ئەمەریکا و خۆئامادەکردنی ئەمەریکا بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ سوپای پاسداران و ڕژێمی ئێران، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڕیاری دا کونسوڵخانەکەی لەهەولێر و بالیۆزخانەکەی لەبەغدا بەڕووی داواکاری قیزەی ئاسایی بە هاووڵاتیان بەشێوەیەکی کاتی ڕابگرێت و داواشی لەکارمەند و هاووڵاتیانی ئەمەریکاش دەکات عێراق بەجێبێڵن.

لەئاگاداریەکی بەپەلەدا کە دوێنێ چوارشەمە کونسوڵخانەی ئەمەریکا لەهەولێر بڵاوی کردۆتەوە و وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوای لە هاووڵاتیانی ئەمەریکی و ئەو بەرپرس و کارمەندانەی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و هەولێر دەستەبەرکات کە ڕەنگە مەبەست لێی ئەوەبێت کە توانای پارێزگاریکردنیان نییە لە هاووڵاتیەکانی خۆیان یاخود کارمەندەکانی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەکەیان لەعێراق و هەرێمی کوردستان.

هەر لەهەمان ڕاگەیەنراودا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوی کردۆتەوە کە لەم بارودۆخەدا ئەمەریکا ناتوانێ خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان و کارمەندانی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەکەی لەبەغدا و هەولێر دەستەبەرکات کە ڕەنگە مەبەست لێی ئەوەبێت کە توانای پارێزگاریکردنیان نییە لە هاووڵاتیەکانی خۆیان یاخود کارمەندەکانی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەکەیان لەعێراق و هەرێمی کوردستان.

هەر لەهەمان ڕاگەیەنراودا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوی کردۆتەوە کە خزمەتگوزاریی ئاسایی پێدانی قیزە بۆ هاووڵاتیان لەهەردو بالیۆزخانەی ئەمەریکا لەعێراق و کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر بەشێوەیەکی کاتی هەڵدەپەسێرێت. هیچ ئاماژەیەکیشی بەکاتی سەرلەنوێ دەستەکاربوونەوەی ستافی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەکەی لەبەغدا و هەولێر نەکردووە. شایانی باسە 48 کاتژمێر پێش ئەم ڕاگەیەنراوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر هەموو ئەو کاتی موقابەلەی وەرگرتنی قیزەی هاووڵاتیانی کانسڵ کرد کە بڕیار بوو ڕۆژی دووشەمە کاریان لەسەر بکات.

چاودێرانی سیاسی ئەم بڕیارەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق بەئامادەکاری بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕوانکراوی ئێران دژ بەهێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لەعێراق و ناوچەکە دەزانن و هەندێکیش دەڵێن ئەمە پلانی ئەمەریکایە و دەیەوێ دڵنیایی بداتە ئێران کە هیچ هێرشێک یان شەڕێکی ڕاستەوخۆ بەرامبەر ئێران نابێت، بەڵام لەکاتی هەر کردەوەیەکی ئێران ئەمەریکاش وەڵامی توندی دەبێ و مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گوتی: هەر هێرشێکی ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە ئەوا کارێکی خۆکوژی دەبێت بەنیسبەت ڕژێمی ئیستای ئێرانەوە.

فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا لە نێو سنووری هەرێمی کوردستان کەوتە خوارەوە و بە تەواوی سووتا



بەپێی زانیارییەکان فڕۆکەکە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە 15ی ئایاری 2019 لە نزیک گوندی (بەرێ کەر)ی سنووری قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک و بە دووریی کیلۆمەترێک لە شەقامی گشتیدا کەوتووەتە خوارەوە.

هەندێک لە شایەتحاڵان لە ناوچەکە ئاماژەیان بەوە کرد کە فڕۆکەکە بە ئاسمانی ناوچەکەدا سووڕاوەتەوە و پاش کەوتنە خوارەوەش، خەڵکی بینیویانە کە بە تەواوی سووتاوە.

تاوەکوو ئێستا نازانرێت ئاخۆ ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەی کەوتووەتە خوارەوە، لەلایەن هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە تەقەی لێکراوە و خراوەتە خوارەوە، یاخود بەهۆکاری تەکنیکی کەوتووەتە خوارەوە.

بەپێی زانیارییەکان دەرەوەی ئەمەریکا داوای لە هاووڵاتیانی ئەمەریکی و ئەو بەرپرس و کارمەندانەی بالیۆزخانە و کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و هەولێر دەکات بەخێرایی عێراق بەجێبێڵن و هۆکارەکەشی بۆ پڕۆژەی حکوومەتی سوێد پێشان دا کە بە چاودێری وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتە و بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازن یەکەمین قوتابخانەی سویدی- سویدی بۆ ڕەوەندی کورد و سویدی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بکەنەوە کە هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە خۆ دەگرێت.

شاندەکە سوپاس و ستاییشی ئاسانکاری و پشتگیری و پێشوازی گەرمی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکەیان ئەوانیش خوازیارن کە پسپۆڕی و توانایی و سەرمایەی کۆمپانیاکانی سویدی و کارسازانی سویدی و کوردستانی بگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

شاندێکی هاوبەشی کارسازانی سویدی - کوردی لە بواری وەبەرهێنان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتییان کرد



شاندێکی ڕێکخراوی (پاک)ی هاوبەشی سویدی- کوردی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیاکانی وڵاتی سوێد و هەرێمی کوردستان لە بواری وەبەرهێنان و بازرگانی و پەروەردەیی کە لە لایەن ژمارەیەک کارسازانی سویدی و کوردستان دامەزراوە، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەک لە ئەندامانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ. د. ک) پێشوازی کران.


هۆشیار سیوەیلی باسی گرنگی بەرەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتی شاهانەی سوێد و هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی حکومی، ناحکومی و کۆمپانیا و بازرگانان و لە هەموو بوارەوکان دا کرد و ڕۆڵ و پێگەی ڕەوەندی کوردستانی نیشتەجێی سویدی بەرز نرخاند. لە بەهێزکردنی پەیوەندی فراوانترلە نێوان کۆمەڵگای سویدی و هەرێمی کوردستان.

پۆست داعش و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و گەشەپێدان و ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی باشی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی دووبارە وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکانی بیانی لە هەرێمی کوردستان چالاکییەکانی خۆیان فراوانتر بکەنەوە. هەروەها دەستخۆشی لە کار و چالاکی ریکخراوی (پاک) کرد کە لە هەرێمی کوردستان کاریان کردووە بۆ هێنانی کۆمپانیا و بازرگان و پسپۆری سوێدییەکان بۆ کوردستان.

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی هەموو ئاسانکاری و هاوکارییەکی بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکانیان لە هەرێمی کوردستان خستە ڕوو بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خۆشحاڵی خۆی بۆ جێبەجێکردنی یەکەمین (خەبات) دوای نیوەڕۆی دوێنێ، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هاتوونەتە سنوورەکە و ئەو شوێنەیان بۆردومان کردوە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی لێ کەوتووەتە خوارەوە.

مەسرور بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

کێشە و تەنگژەکانی کەرکووک و شنگال و هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق گفتوگۆیان لەبارەوە کرا



دوێنێ چوارشەممە 2019/5/15 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جۆن وێلکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا، کە مارتن وار کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشڤەچوونی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا لەوبارەوە بەریتانیا رۆڵی ئەرێنی خۆی بەشێوەیەک بگێرێت، کە لە بەرژەوەندی چارەسەرییەکان بێت.

لەلای خۆیەوە باڵیۆزی بەریتانیا خۆشحاڵی بەرامبەر پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و دریژەدان بە گفتوگۆکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەربڕی و پشتگیری وڵاتەکەشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکان نیشاندا و هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست لەو دیدارەدا کێشە و تەنگژەکانی کەرکووک و شنگال و هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە دژی تیرۆریستانی داعش گفتوگۆیان لەبارەوە کرا، مەسرور بارزانی تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی نێوان بەغداو هەولێر و هیوای خواست لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو گفتوگۆیانە بە ئەنجام بگەن، بە پێویستیزانی سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان.



مەسرور بارزانی بەشداریی لە پرسەی شەهید عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی کرد

ڕۆژی سێشەممە 2019/5/14 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە پرسەی شەهید عەمید ئەسکەندەر ڕەشید گەردی، فەرماندەی لیوای سێی کۆماندۆی زێرەڤانی کرد، کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی مەشق و ڕاهێنانی پێشمەرگە لە ڕووداوێکی دڵتەزێنداا شەهید بوو.

مەسرور بارزانی پرسە و سەرەخۆشی خۆی بە کاسکار و خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕاگەیاند و گوتی لە خوای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەواییش بە ئێمە و کەسوکاری شەهید و پێشمەرگەی کوردستان ببەخشێت و دوا کۆستی خانەوادەکەیان بێت.

هەر لە هەولێر لە شوێنی پرسەکە مەسرور بارزانی بەشداریی لە پرسەیەکی خانەوادەی بەڕێز غەفور خۆشناو کرد.

هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ڕووداوەکەی گوندی پەلکانە

جوان یونس ڕۆژبەیانی:

داوا دەکەین دۆخی ناوچە کوردستانییەکان ئاسایی بکرێتەوە



لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان دەکات و پێی وایە کە ئەم دۆخە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە.

دوێنێ چوارشەممە 2019/5/15 لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژی سێشەممەی گوندی پەلکانە لە سنووری پارێزگای کەرکووک دەربڕی.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان سەپێندراوە بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووک خەڵکی کورد ڕووبەڕووی مامەڵەی ناەدستووری دەبنەوە کە ڕەفتاری ڕژێمی بەعس و حکوومەتەکەی دەخەنەوە بیرمان و ئەو هێزانەی نێستا هەر کاتێک بۆیان بڕەخسێت ئەوا خەڵکی کوردیان ئازار داوە.

جوان ڕۆژبەیانی گوتیشی: نوێترین ڕەفتاری ئەو هێزانە بەرامبەر خەڵکی پەلکانەیە کە هێزێکی زۆر و خەڵکێکی عەرەب هێرشیان کردووەتە سەر کوردانی ئەو گوندانە و بە هەموو شێوەیەک ئازاریان داون.

ئەو گوتیشی: هەربۆیەش لیژنەکە پێی وایە کە ئەو دۆخە، لێکتێگەیشتنی ئەم دواییەی نێوان هەولێر و بەغدا و هەوڵەکانی لێکگێتەیشتن هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە داوا دەکەین دۆخی ناوچە کوردستانییەکان ئاسایی بکرێتەوە. جێی باسە ڕۆژی سێشەممە نزیکەی دەیان چەکداری عەرەب چوونە سەر ماڵە کوردەکانی گوندی پەلکانەی سەربە ناحیەی سەرگەڕان لە قەزای دووبز و داگیریان کرد.

دۆخی شنگال لە دەست دەرچووە



دۆخی شنگال ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و قایمقامی شارەکەش دەڵێت، لە شنگالدا شتێک نەماوە بە ناوی ئیدارە و ڕەوشی شارەکە لە دەست دەرچووە.

مەحما خەلیل، قایمقامی شارۆچکەی شنگال، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: چەندین ساڵە ئاوارەکانی شنگال لە کەمپدان، دۆخی شارەکەش لە دەست دەرچووە و شتێک نییە بە ناوی یاسا و ئیدارە و بەڕێوەبردن، شنگالیش بووەتە وێرانە و ڕێکخراوەکانیش لەبەر خراپیی دۆخی ئەمنی، شارەکەیان جێهێشتووە.

دەشڵێ: بە دەیان گرووپ لە شارەکە دروست بوون و زۆربەی هەرە زۆریشیان عەرەبی دەوروبەری شنگالن، کە دەستیان لە کۆمەڵکوژیی ئێزیدیاندا هەبووە. قایمقامی شنگال ڕاشیگەیاند: ڕەوشی شنگال پێویستی بە چارەسەرێکی نێودەوڵەتییە و پێویستە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، پێکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

هەولێر.. سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ دەستی لەکارکێشایەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەستەلەکارکێشانەوەی خۆی لە حزبەکەی ڕاگەیاند، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ "ئەوەی ئێستا کۆمەڵی ئیسلامی پێیدا تێپەڕدەبێت قۆناغێکی خراپە و دەرەنجامی خراپتریشی دەبێت.

دوێنێ چوارشەممە 2019/5/15 عەباس محەممەد، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە ئەنجومەنی پارێزگا، دەستی لەحزبەکەی کێشایەوەو چەند خاڵێکیشی لەبارەی دۆخی کۆمەڵ و نیگەرانییەکان ئاشکرا کرد. عەباس محەممەد لە کۆنگرەکەدا، دەستەلەکارکێشانەوەکەی گەڕاندەوە بۆ، نەبوونی دادگەریی، نەگەڕانەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، ڕازی نەبوون بە دەرەنجامی کۆنگرە و جیاکیاری لە ژیانی بەشێک لە بەرپرسانی حزبەکەی.



عەباس محەممەد دووپاتیشی کردەوە: لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریم و نەبوونم بە بەشێک لەم بێدەنگییە، دەچمە پاڵ دەستەلەکار کێشانەوەکان و پشتگیرییان بۆ ڕادەگەیەنم، بەتایبەتیش سێ سەرکردەکە، هیچیتر پەیوەندیم بە کۆمەڵەوە نامێنێت و لە ئەنجومەنی پارێزگاش وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بەردەوام دەبم.

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی پێدا تێپەڕ دەبێت قۆناغێکی خراپە و دەرەنجامی خراپتریشی لێدەکەوێتەوە بە نزیکبوونەوەی کۆنگرەی داهاتوو، لە ئێستاوە هیچ پەیوەندییەکم بە کۆمەڵی ئیسلامییەوە نەماوە و وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ کاردەکەم. جێی باسە ماوەیەک پێش ئێستا سێ سەرکردەو دەیان بەرپرس و ئەندامانی مەڵبەندەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، بەتایبەت لە سنووری پارێزگای هەولێر، دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە حزبەکەیان ڕاگەیاندبوو.

لیزا کاکەیی: بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردە



پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هاوشێوەی زەمانی بەعسییەکان، دەست کراوە بە بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان و ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردە بۆ سەرژمێریی ساڵی 2020 و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. لیزا فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هاوشێوەی زەمانی بەعس، دەست کراوە بە بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکان و پرۆسەکەش لە چوارچێوەی پیلانێکی پێشوەختەدا جێبەجێ دەکرێت، کە هەر لە خانەقینەوە تا مەخمور و بەرفراوانە و بە دوو شێوە بەڕێوە دەچێت، یەکێک لەوانە، ئەنجامدانی تووندوتیژیە بە مەبەستی تۆقاندن، کە لە سنووری خانەقین بە کوشتن دەستیانپێکردووە، نموونەش ئەوەیە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چوار هاوواڵاتیی کورد لەو ناوچەیە شەهید کراون. بە گوتەی کاکەیی، خەڵکی بە ڕەگەز عەرەب ڕۆژانە بۆ سنووری شاروچکەی مەخمور و گوندەکانی دەوروبەری دوبز و کەرکووک هاورە دەکرێن، کە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەو پرۆسەیەدا هاوکار و ڕێخۆشکەرن. ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێت: بێگومان ئەم هەنگاوە پیلانێکی سیاسیی پێشوەختە و نەخشەبۆدارێژراوە و دەیانەوێت لە پاڵ گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کوردستانییەکان، هەوڵیش بدەن تا پێش ساڵی 2020کە بڕیارە لە عێراق پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام بدرێت، ناسنامەی کورد لە کەرکووک و مەخموور و شنگال و خانەقین و تەواوی ناوچەکانی دیکە تا ئەوندەی دەتوانن کەم بکەنەوە، هەروەها ئەم هەنگاوانە بۆ کەمکردنەوەی دەنگی کوردە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەو ناوچانە و بە تایبەتیش لە کەرکووک.

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان

سەرۆکایەتیی پەرلەمان پیرۆزبایی لە مامۆستایانی کوردستان دەکات

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مامۆستایانی کوردستان دەکات، کە تێمە دەقەکەیەتی:

پەیامی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەکەین و هەوڵ و هیوامان بۆ سبەینەیەکی باشتر بۆ سەرجەم مامۆستایان.

مامۆستایانی کوردستان جیاواز لە هەموو مامۆستایانی دیکەی جیهان، جگە لە ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان، قوربانیدانیان بەخۆیان ئەرکێکی دیکەیان بووە، مامۆستان لەسەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینەکان پێشەنگ بوون، لەسەردەمە سەختەکانی دوای ڕاپەڕین بەبێئەوەی بیرلەخۆیان بکەنەوە، بەردەوامییان بە خوێندن و پێگەیاندنی نەوەکان داوە.

لە ساڵانی دواییش لەگەڵ هاتنی هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ناسراو بەداعش، مامۆستایان وێڕای هەبوونی قەیرانی دارایی و خراپی گوزەران، بەڵام ئەوان شێلگیرانە بەردەوامبوون لە پێگەیاندنی منداڵان و فێرکردنیان بۆ دوورکەوتنەوەیان لەهزرە توندڕەوەکان.

لێرە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ مامۆستا خۆشەویستەکانمان دووپات دەکەینەوە، کە هەمیشە پاڕێزەری مافەکانیان دەبین و هەوڵ بۆ باشترکردنی ژیان و ژیاریان دەدەین و ئەوەی لە دەستمان بێت لەچوارچێوەی کاری پەرلەمانی کوردستان بۆ مامۆستایان درێخی ناکەین.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

ئەڵمانیا ڕاهێنانە سەربازییەکانی لە عێراق ڕادەگرێت

جەبار یاوەر بۆ «خەبات»: ئەمەریکا و ئەڵمانیا سەرجەم مەشق و جموجۆڵەکانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگرت



حکوومەتی ئەڵمانیا بڕیاری دا ڕاهێنانە سەربازییەکانی بۆ هێزە چەکدارەکانی لە عێراق لە ئێستادا هەڵیەسێرێت.

سەرچاوەیەکی سەربازی کە بۆ ئاژانسی (DPA) ئەڵمانی قسەی کردووە، ئاشکرایکرد کە ئەم بڕیارە لە ئەنجامی بارگرژی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکە دێت. وتەبێژێکی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیاش ئەم زانیارییانەی پشتڕاست کردووەتەوە و ئاشکراشی دەکات ئەوان زانیاریان سەبارەت بە مەترسی هێرشکردنە سەر هێزەکانیان لە عێراق بەدەست گەیشتووە.

ئەم سەرچاوەیە هەروەها جەختی کردەوە کە ئاماژەکان دەری دەخەن مەترسی هێرشەکان لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە ئێرانە.

ئەم بڕیارەی ئەڵمانیا چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە دێت کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوای دەرچوونی بەشێک لە فەرمانبەرانی بالۆێزخانە و کۆنسوڵخانەی خۆی لە عێراق کرد بە هۆکاری مەترسی هێرشکردنە سەریان لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە ئێرانەوە.

بە ئێرانەوە لەمبارەیەوە ئەمیندارى گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە لەسەرتاسەری عێراق، هەردوو حکوومەتی ئەمەریکا و ئەڵمانیا سەرجەم جموجۆڵەکانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.

لە لایەن حکوومەتی ئەمەریکاوە وەک مووچەی بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگەوە دەنێردرێت، پەیوەندی بە بڕیارەکەی ئێستاوە نییە و "ئەو بڕیارەی ئێستا دراوە، پەیوەندی بەم ڕێوشوێنەوە نییە، بەڵکو بابەتێکی خۆپارێزییە."

دەگرێتەوە، گەڕانەتەوە نێو بنکەکانی خۆیان کە کونسوڵخانە و بالێوزخانەکانیانە، بەهۆی ئەو دۆخەیە کە هەیە لە نێوان ئەمەریکا و ئێران، دەڵێن هەڕەشە هەیە لەسەریان."

ڕوونیشی کردەوە کە بابەتی ئەو 25 ملیۆن دۆلارەی

ئەندامانی پارتی تێوە نەگلاون

15 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون



سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ ڕایگەیاند، لە ئەنجومەنەکە، 15 ئەندام بە گەندەڵی تۆمەتبار کراون و لە پەرلەمانیش لێژنەیان لەسەر دروست کراوە، بڕیە ئەگەر تۆمەتەکان ساخ بوونەوە، لێپچێینەوەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت.

سەیدۆ چەتۆ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: 15 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ، کە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان تێدا نییە، تۆمەتبار کراون بەوەی گەندەڵییان کردووە و لە پەرلەمانیش لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دروست کراوە و خەریکی لێکۆڵینەوەن، بڕیە ئێمەش چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکەین. گوتیشی: هەر کاتێک تۆمەتەکە ساخ بووەوە کە ئەو ئەندامانە گەندەڵیان ئەنجام داوە، ئێمە وەک ئەنجومەن لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا دەکەین و ڕێگە نادەین وا بە ئاسانی تێپەڕێت، چونکە ناکرێت ئەندامانی ئەنجومەن کە نوێنەری خەڵکن، گەندەڵ بن. ئەو هەروەها دەشڵێ: ئەوەی جێگەی دەستخۆشییە، لەو لیستەدا کە تۆمەتبار کراون، هیچ ئەندامێکی لیستی پارتی تێدا نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەندامانی ئێمە بە دڵسۆزییەوە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

ئەنجومەنی وەزیران پیرۆزبایی لە مامۆستایان دەکات

لە پەیامێکدا ئەنجومەنی وەزیران پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

57ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان پیرۆز دەکەین، هیوای بەردەوامی و پێشکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازین لەپێناو خزمەتکردنی زیاتر بە مامۆستایان و داکۆکیکردن لەماف و خواستە ڕەواکانیان.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خاوەنی میژوویەکی پڕ لە سەروەریی و لە هەموو قۆناغەکانی میژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە، ئێستاش وەک پێشەنگی خەباتی مەدەنی و شارستانی لە کوردستان خاوەن پێگە و کاریگەریی دیار و بەرچاوە.

مامۆستایانی کوردستان هەمیشە بە گیانی لەخۆبردوویی و بە وەڕی بەرزەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی خۆیان بەجێگەیاندووە، بۆیە لە سەرکەوتنی هەر تاکێک و لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەماندا هەمیشە پشکی شێریان بەردەکەوێ و چاوەڕوانی بەشداریی کارایان لێدەکەین لە هەر پرۆگرامێکی چاکسازی و پێشخستنی بواری پەروەردە و خوێندندا.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە بە ڕێزەوە لە پێگە و بە بایەخەوە لە ڕۆڵ و کاریگەریی مامۆستایانی کوردستانی ڕوانیوە و پەرۆشی دابینکردنی ژیانێکی باشتر و گوزەرانێکی ئەوتۆیە بۆیان کە شایانی پێگەی پیشە پیرۆزەکەیان بێت، ستایش و پێزانینی زۆریشی هەیە بۆ ئەو مامۆستایانەی بە گیانی خۆڕاگری و هەڵوێستی دڵسۆزانەیان لە قۆناغی نەخوازراوی شەڕی داعش و بڕینی بودجە و کێشە دارایییە چاوەڕوانەکراوەکاندا، نەیاهێشت پرۆسەی پەروەردە و خوێندن پەکی بکەوێت.

حکوومەتی هەرێم وەک هەمیشە پشتیوانی هەموو مافێکی ڕەوای مامۆستایانی کوردستانە و ستایشی ڕۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکات بۆ هەوڵ و تێکۆشانیان لەپێناو داکۆکیکردن لە ماف و داخوازیی مامۆستایان و هەموو پشتیوانییەکیان دەکات.

بەرز و پیرۆز بێت ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

سڵاو لە گیانی بەرز و پاکی مامۆستا شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاری و ئەوانەی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی خوێندن و پەروەردەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تەرخان کرد.

سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

2019/5/15

عەللاوی: لە بەسرە سەکۆی مووشەکی دژی هێزەکانی ئەمەریکا دانراوە



سەرکردەیەکی باڵای عێراقی ئاشکرای دەکات، کە لە پارێزگای بەسرەی باشووری وڵاتەکەی، سەکۆی مووشەکی دژی هێزەکانی ئەمەریکا دانراوە. ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی و سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق (2004/6/28 تا 2005/4/6) لە چاوپێکەوتنی کەناڵێکی وڵاتەکەیدا، ڕایگەیاندووە، دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل (مۆساد) ئەو زانیارییەی بە ئەمەریکا داوە. ئەیاد عەللاوی هەروەها ڕایگەیاندووە، کە مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دوای بینینی وێنە هەواڵگرییەکانی سەکۆ مووشەکییەکانی بەسرە دژی هێزە ئەمەریکییەکان، سەردانی عێراقی کرد. ڕۆژی 2019/5/11 هادی عامری، سەرۆکی میلیشیای بەدر و فەرماندەی باڵای میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڕەشەی لە ئەمەریکا کرد و ڕایگەیاند، "عێراق بۆ هێزە ئەمەریکییەکان دەکەینە قێتنامێکی دیکە." هادی عامری بە ئاشکرا لە شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران، پاڵپشتیی میلیشیاکانی بۆ ئێران ڕاگەیاند.

هەفتەی ڕابردوو مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی بەغدای پایتەختی عێراقی کرد و سەرچاوە میدیاییەکانیش ئاماژەیان بەوە کرد، کە پۆمپیۆ هۆشداریی داوە لەوەی هەر گرووپێک هێرش بکاتە سەر هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق، ئەمەریکا دەیخاتە ناو لیستی تیرۆرەوە.

هەروەها دوێنێ چوارشەمە 2019/5/15 وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوای لە هاوواڵاتییانی وڵاتەکەی کرد عێراق بەجێ بهێڵن، چونکە میلیشیاکان مایەی هەڕەشەن بۆ گیانی ئەمەریکییەکان.

لەبارەی هەڕەشەکردن لە هێزەکانیان

ئەمەریکا هۆشداری بە عێراق دەدات



سوپای ئەمەریکا ڕایگەیاند کە هەڕەشە لە هێزەکانیان دەکرێت لە عێراق کە سەرچاوەکەی ئەو هێزانەن کە لە ناوچەکەدا لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن. گوتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمەریکا، بێڵ ئوربان ڕاگەیەندراوەکەدا بێڵ ئوربان گوتی: لەئێستادا نێردەی ئەمەریکا، خراوەتە ئامادەباشییەوە و لە نزیکەوە چاودێری ئەو هەڕەشانە دەکەین کە لە عێراق لە هێزەکانی ئەمەریکا دەکرێت. گوتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی سوپای پلاندانانی ستراتیژی و زانیاری لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش، جەنەڕاڵ کریس گیکا ڕایگەیاندبوو "لەئێستادا هیچ هەڕەشەیەک لە لایەن ئەو هێزانەوە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن لە عێراق و سووریا لە ئارادا نییە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا، بێڵ ئوربان گوتی: لەئێستادا نێردەی ئەمەریکا، خراوەتە ئامادەباشییەوە و لە نزیکەوە چاودێری ئەو هەڕەشانە دەکەین کە لە عێراق لە هێزەکانی ئەمەریکا دەکرێت. گوتەبێژی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمەریکا، بێڵ ئوربان ئەوەشی گوتووە. بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەوە هەڕەشانە ئاگادارین و لەگەڵ گرووپێکی دیکەدا چاودێری ئەو هەڕەشانە دەکەین. بەم دواییانە ژمارەیەک بەرپرسی ئەمەریکا ڕایانگەیاندبوو، ئەو هێزانەی کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن هەڕەشە لە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن.

کەرکووک... دەست بەسەر سێ تانکەری نەوتی قاچاخدا گیرا

بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک ئاشکرای دەکات کە دەستیان بەسەر سێ تانکەری نەوتی قاچاخدا گرتووە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کە وێنەیەکی بۆ خەبات نێردراوە و تێیدا هاتووە، پۆلیسی کۆمپانیای نەوتی باکوور توانیویانە لە دوو شوێنی جیاوازدا دەست بەسەر سێ تانکەری نەوتی قاچاخدا بگرن. ڕاگەیەندراوەکە ئەوەشی خستووەتە ڕوو، یەکێک لە تانکەرەکان لە بازگەی نێوان کەرکووک بۆ سلێمانی دەستی بەسەردا گیراوە. هاوکات ڕاگەیەندراوەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، ئەو کەسانەش کە ویستوویانە بە قاچاخ ئەو نەوتە ببەن، ڕەوانەی پۆلیسی کەرکووک کراون بۆ ئەوەی ببرێنە بەردەم دادگا، تاوەکوو بەپێی مادەی 41ی یاسای بە قاچاخبردنی نەوت و بەرهەمەکانی دادگای بکرێن. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کاتێک کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کەرکووکیان بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیر کرد لەو کاتەوە جگە لەوەی دۆخی ئەمنیی پارێزگاکە ناجێگیرە، بە قاچاخبردنی نەوتی پارێزگاکەش هەیە و بەردەوامە.

www.xebat.net
ژمارە (5751) 2019/5/16 پێنج شەممە

شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی فینلەندای کرد

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) پیرۆزبایی سەرکەوتن ئاراستەی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 2019 دەکات

لە پیرۆزباییnامەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک)دا هاتووە:

هیواخوازن لە ئایندەیەکی نزیکداو لە سایەی حوکمڕانی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندا دا وڵاتەکەیان بڕیاری کردنەوەی کۆنسوڵخانەی کۆماری فینلەندا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بدات.



مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی مانگی ئەپریلی 2019ی لە کۆماری فینلەندا، پیرۆزبایی سەرکەوتنی بەرچاوی پارتی سۆشیال دیموکراتی فینلەندای کردووە و هیوای خواستووە لە سایەی کابینەی تازە و حوکمڕانی دیموکراسی لە فینلەنداوە وڵاتەکەیان لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیدا بێت و لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی، پەیوەندییەکانی ناوچەیی و ئەورووپی و نیودەوڵەتی دا کۆماری پۆلۆنیا بەردەوام بێت لە ڕۆڵ و پێگە گرنگەکەی بۆ خزمەتی پێشکەوتنی ئاشتی و دیموکراسی و سەقامگیری لە جیهان و لە نێو ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان دا. هەروەها لە پیرۆزباییnامەی (پ.د.ک) دا هاتووە: سەرکەوتنی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندا لە دیموکراتی فینلەندی و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە چەند ساڵێکە پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەردوو پارت بە چڕی کاریان کردووە بۆ فراوانکردنی ئەم پەیوەندییانە و دیدار و چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆڕی شاند لە نێوان هەردوولا دا هەبووە بۆ خزمەتی پێشکەوتنی هەردوو گەلی دۆست و بەرژەوەندی و پەیوەندی نێوان هێلسینکی و هەولێر لەسەرجەم بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، کەلتووری، ئابووری و پرسەکانی دیموکراسی و گەشەپێدان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەوڵەمەندی کۆماری فینلەندا و پارتی سۆشیال دیموکرات و بەتایبەتیش پشتگیری و هاوکارییەکانی کۆماری فینلەندا لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی تێکشکاندنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بنبڕکردنی تیرۆر و توندوتیژی و مەترسییەکانی تیرۆریستی، کە هەڕەشەی بەردەوام بوون بۆسەر کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و جیهانی ئازاد و شارستانی و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی ئاست بەرز لە ڕابردوودا لە نێوان گەورە بەرپرسانی وڵاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی وڵاتەکەتان و پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە لە لایەن سەرکردایەتی پارتەکەیان، کە میژوویەکی دوور و درێژ و پڕ ئەزموونی هەیە لە حوکمڕانی کۆماری فینلەندا ببێتە مایەی فراوانترکردن و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری فینلەندا و هەردوو پارتی دۆست و فەرمانڕەوا پارتی سۆسیاڵ دیموکراتی فینلەندا و سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاندووە.

پارتی سۆسیاڵ دیموکرات بە ڕێژەی 17.73٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە

پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندی 40 کورسی لە کۆی 200 کورسی پەرلەمان مسۆگەر کردووەو ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت

پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندی لە 1899دامەزراوە و کۆنترین پارتی سیاسی فینلەندییە، کە میژوویەکی دوور و درێژی لە حوکمڕانیکردنی وڵاتی فینلەندا هەیە

پەیوەندییەکانی نێوان پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دووای کۆنگرەی 13مینی (پ.د.ک) پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە و بۆ یەکەمین جار لە مانگی شوباتی 2012 یەکەمین شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بە فەرمی لە لایەن پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کۆنفرانسەکانی سۆشیالیست ئینترناشنال. هەروەها لە دووا سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هێلسینکی پایتەخت، کە بە بانگهێشتی فەرمی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندا لە ڕۆژانی نێوان 23-21مانگی گولانی 2018ئەنجام درا کە دیدار و چاوپێکەوتنی سوودبەخشیان هەبووە لە پەرلەمانی فینلەندا لەگەڵ سەرۆکی پارتی سۆشیاڵ دیموکرات و سەرۆکی پێشووی پەرلەمان و فراکسیۆن و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی و چەندین سەرکردەی سیاسی و پەرلەمانتاری تری پارتەکەو دەزگاو دامەزراوەکانی فینلەندا و بەتایبەتیش سەردانی وەزارەتی دەرەوەو کۆبوونەوە لەگەڵ یەکەمین باڵوێزی کۆماری فینلەندا بۆ عێراق لە هیلسینکی پایتەخت سەرەتا و هەڵێکی باشتری ڕەخساندووە بۆ ئەوەی هەردوو پارتی سوشیاڵ دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە لە دروستکردنی پردێکی پەیوەندی بەهێزتر لە نێوان هەردوو لا و بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری فینلەندا .







لە پەیژەزبایی نامەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دا هاتووە کە هیواخوازن لە ئایندەیەکی نزیکدا و لە سایەی حوکمڕانی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندا دا وڵاتەکەیان بڕیاری کردنەوەی کۆنسوڵخانەی کۆماری فینلەندا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بدات کە ببێتە مایەی پێشکەوتن و بەختەوەری بۆ هەردوو گەلی کورد و فینلەندی.هەروا بە فەرمی بانگهێشتی بەڕێز ئەنتی ڕینێ سەرۆکی پارتی سۆشیاڵ دیۆکراتی فینلەندی کراوە بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان کە پاڵێوراوە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی حوکمڕانی و کابینەی تازەی حکومەت لە فینلەندا کە بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی، پەرلەمانی و حزبی سەردانی هەولێری پایتەخت بکەن.پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن میژوویەکی ٧٢ ساڵەیە لە خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی ، دیموکراسی و سەربەخۆیی و لە ٩ کابینەی حکومەتی هەرێم و سیستەمی پەرلەمانی فیدراڵیدا ڕۆڵی سەرەکی و حوکمڕانی هەبووە لە هەرێمی کوردستان و لە دووا هەڵبژاردنەکانی گشتی و پەرلەمانی لە مانگی گولانی ٢٠١٨ ی عێراق پلەی یەکەمی هێنا و لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٨ ی هەرێمی کوردستانیش دا هەروا پلەی یەکەمی مسۆگەر کردووە و لە ماوەیەکی نزیک دا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیران و حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ڕادەگەیندرێت.

پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندی لە 1899 دامەزراوە و کۆنترین پارتی سیاسی فینلەندییە. ئەندامانی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فینلەندا لە ١٨٩٩ دامەزراوە و کۆنترین پارتی سیاسی فینلەندی یە کە میژوویەکی دوور و درێژی لە حوکمڕانیکردنی وڵاتی فینلەندا هەیە و ئەندامی سۆسیالیست ئینتەرناشنال و سەندیکای ناوەندی فینلەندی و پارتە سۆسیاڵ دیمۆکراتەکانی ئەورووپی و و جیهانییە و ئەندامی بزووتنەوەی کرێکاری و هاوپەیمانی پارتە سۆشیاڵ دیمۆکراتەکانی باکووری ئەورووپا یە. لە دووایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی فینلەندا پارتی سۆسیاڵ دیموکرات بە ڕێژەی ١٧,٧٣ %ی لە کۆی دەنگەکانی بەدەست هێنا واتە (٤٠ پەرلەمانتەر لە کۆی ٢٠٠ پەرلەمانتەری فینلەندی) و پارتی ناوبراو ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت دووای ڕێککەوتن لەگەل پارتە سیاسییەکانی تر. پارتە سیاسییەکانی تری فینلەندی کە دووای سۆشیاڵ دیموکراتەکان ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگیان هێناوە بریتین لە: پارتی ڕاستڕەوی فینلەندی ١٧,٤٨$ و پارتی هاوپەیمانی نیشتیمانی ١٧,٠٠٪و پارتی سەنتەر ١٣,٧٦٪ ٢ پارتی سەوز ١١,٤٩٪ و پارتی بەرەی چەپ ٨,١٧٪ پارتی گەلی سوێدی ٤,٩٣٪ پارتی کریستیان دیموکرات ٣,٩٥٪و پارتی جولانەوەی نوێ ٢,٢٥ ٪ ی لە کۆی دەنگەکانیان مسۆگەر کرد.

شایانی باسە لەسەر بانگهێشتی فەرمی پارتی سۆشیاڵ دیمۆکراتی فینلەندی شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەرپرسی مەکتەب و بەرپرسی دێسکی ئەوروپای مەکتەب لە ڕۆژانی ٢٠-٢٣/٥/ ٢٠١٨ سەردانی کۆماری فینلەندا و هێلسینکی پایتەختیان کرد و چەندین دیدار و کۆبوونەوەی سەرکەوتوویان ئەنجام دابوو لە نێو تەلاری پەرلەمان و لە وەزارەتی دەرەوە، لەگەڵ هەریەک لە (بالیۆزی تازەی فینلەندا لە عێراق و کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی بەشەکانی تایبەت بە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و بەرپرسی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش و قەیرانەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران و سەرۆکی تازە و پێشووی پەرلەمان و سەرۆکی پارتی سۆشیاڵ دیمۆکرات و سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان ، سەرۆکی پارتی یەکیتی چەپ و فراکسیۆنەکەیان،سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سەنتەری فەرمانڕەوای فینلەندا، فراکسیۆنی پارتی سەوز و سەرۆکی پێشووی پارتەکەیان، کە کاندیدی پێشووی سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە بووە، هەروەها تینک تانکی هزری و توێژینەروەی سیاسی و ئەکادیمی ناسراو و چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی لەگەڵ دەزگای فەرمی تەلەڤزیۆنی فینلەندی و دیدار لەگەڵ ڕەوندی کوردستانی و هەڤاڵانی لێژنەی ناوچەی فینلەندای (پ.د.ک) ئەنجام دابوو.

خزمەکانی ئێمە لە کوردستان.. کوردی و ئەڵمانی و خاڵی هاوبەشمان!



و: لە ئەڵمانییەوە: نەجمەدین بەرزنجی

ئەوەی بۆ یەکەمجار گوێی لە کوردیی بێت، حەتمەن باوەڕناکات کە ئەم زمانە دەکرێ لەگەڵ زمانی ئەڵمانییدا خزمایەتییان هەبێت. لە ڕاستیدا کوردیی و ئەڵمانیی سەر بە یەک فامیل و بنەماڵەن، ئەویش: زمانەیە" هیندۆئەورووپیی"ـەکانە.

هیندۆئەورووپیی خزم و خوێشی زۆرەبەی زمانەکانی سەر گۆی زەویە کە قسەی پێ دەکرێ.


یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان ئەوەیە کە ئینگلسی و فەرەنسیش هەر لە بنەماڵەی هیندۆئەورووپیین. هەر وەک لە ناوەکەی ئاشکرایە، ئەو زمانە تەنیا پەیوەست نییە بە سنوورەکانی ئەورووپاوە، بەڵکوو دەڕوات بۆ دیاری هیندستانیش. لێرەدا دەبێ بڵێین کە ئەڵمانی تەنیا لەگەڵ کوردییدا خزم نییە، بەڵکوو لەگەڵ: نیپاڵی، ڤالیزی، هندی، ڕووسی، ئیسلەندی، بەنگاڵی، ڕۆمانی و هی دیکەشدا خزمایەتی هەیەو لێک نزیکن. واتای ئەم خزمایەتییە ئەوەیە کە ئەڵمانیی و کوردیی لەیەک زمانەوە سەرچاوە دەگرن: "هیندۆئەورووپیی." بۆ ئەو زاناو لێکۆڵینەرانەی کە کار لەسەر زمانی کوردیی و ئەڵمانیی دەکەن، ئاسان نییە ئەو وێکچوونانە بە ڕوونی لەیەک جیا بکەنەوە، کات و شوێن گۆرانکارییەکی وای بەسەردا هێناون کە هیچ لەیەکچوونێکی ئاشکرا لەو دوو زمانەدا نایەتە بەر گوێ، بەڵام کاتێک کوردیی لەگەڵ لاتینیی، یۆنانیی کۆن و هندیی سانسکریتی کۆندا بەراورد بکات، زۆر نزیکی و وێکچوونی بۆ دەردەکەوێت.

دەتوانین بڵێین کە لە ڕابردوودا کوردان و ئەڵمانییەکان وە هەموو ئەوانەی کە سەر بەم گرووپە زمانەن، واتە هیندۆئەورووپییەکان، دەبێت یەکدییان دیبێت و پەیوەندییان بە یەکەوە هەبووبێت، ئێمە هێندە نامۆ نیین بە یەک، بەو شێوەیەی کە پڕۆپاگاندای بۆ دەکرێت!

سەرچاوە: سایتی زانکۆی کۆڵن- بەشی زمان.

Latein	Altgriechisch	Kurdisch	Deutsch
ego	egó	ez	ich
tú	sý	tu	du
---	---	ew	er/sie/es
nôs	hêmêis	em	wir
vôs	hymeis	hûn	ihr
---	---	ew	sie

Latein	Altgriechisch	Sanskrit	Kurdisch
unus	heîs	eka	yek
duo	dýo	dvi	du
tres	treîs	tri	se
quattuor	téttares	catur	car
quinque	pénte	pañcan	penc
sex	hex	ṣaṣ	ṣes
septem	heptá	saptan	heft
octo	oktō	aṣtan	heṣt
novem	ennéa	navan	neh
decem	déka	daśan	deh





بارزان... چین و تۆێژەکانی ناوەخۆ و بیانی سەردانی مەزاری نەمران دەکەن

مسلم دۆلەمەری ـ بارزان:
بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و بەرخودانی بارزانیی نەمر بۆ دۆزی گەلی کورد و بۆ نوێکردنەوەی سۆزو وەفاداری بۆ ڕێبازی کوردایەتی بارزانیی نەمر ڕۆژانە چین و تۆێژی جیاجیای ناوەخۆو بیانی سەردانی گلکۆی نەمران دەکەن لە بارزان، هەر لەمیانەی ئەم سەردانانەدا شاندێکی سەربازیی ئەڵمانی و شاندێکی ئەندامانی یەکێتی لاوانی ئەوروپا و شاندێکی بنەماڵەی وەکیل مستەفا سەرۆکی کۆچکردووە کوردەکانی قەفقاز وچەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیرو کوردستانیانی تر سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد لە بارزان. بەسە دوای بەخێرهێنانیان لەلایەن خەلات بارزانی نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی و دانانی لێژنەی پێشوازی و دانانی تاجەگوڵینە لەسەر گلکۆی نەمران و خوێندنەوەی سورەتی فاتیحە، لەچەندین وتەی جیاجیادا باس لە خەبات و شۆڕشگێڕی بارزانیی نەمر کرا بۆ دۆزی گەلی کورد بەبێ جیاوازی و ناوچەگەری و ئایینی ومەزهەبی، هەروەها کوردستانیان سۆزو وەفاداریان دووپاتکردەوە بۆ دێژەدان بۆ ئەم ڕێبازە و مانەوەیان لەژێر چەتری کوردایەتیی بارزانییی نەمرو دێژەدان بەم خەباتە پڕ لە سەروەرییە.

سۆران... بە ئامادەبوونی نوێنەری تایبەتیی سەرۆک بارزانی و وەزیری ئەوقاف کەنیسەی مارگۆرگیس کرایەوە



دوێنێ لە شاری سۆران بە ئامادەبوونی سیداد بارزانی نوێنەری تایبەتیی سەرۆک بارزانی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە وەکالەت، خالید جمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان، د.پشتیوان سڕێشمەیی بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران و بەرپرسانی حکومی حزبی و بەشێکی بەرچاو لە مامۆستایان و هاوڵاتیانی مەسیحی لەسەرتاسەری جیهان و هەرێمی کوردستان لەمەراسیمێکی ئایینیدا کەنیسەی مارگۆرگیس کرایەوە.

لەمیانی کردنەوەی کەنیسەکەدا، وەزیری ئەوقاف دەستخۆشی ئاراستەی قەداسەتی پاتریک مارگۆرگیسی سێیەم سلیوا کرد کە هەردەم ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی، هەروەها بەخێرهاتنی ئەو مەترانە بەڕێزانەی کرد کە لەسەرتاسەری جیهان بەمەبەستی کردنەوەی کەنیسەی مارگۆرگیس هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ڕایگەیاند: هاتنی ئەو مێوانە بەڕێزانە لە پەیامێکی گرنگە و دووپاتی دەکاتەوە کە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان ڕەگوریشەیەکی لەمێژینەی هەیە و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەمیشە لەخۆشی و ناخۆشیەکاندا پێکەوەبوون و ئەو کلتوری پێکەوەژیانە لەسەردەمی خوالێخشبووان شێخ عبدالسلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی و نێستاش سەرۆک بارزانیە. وەزیری ئەوقاف زێتر گووتی حکومەتی هەرێم کورستان بەهەموو توانایەک کاری کردەوە بە مەبەستی بەرەودانی زێتر بە کلتووری پێکەوەیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە تایبەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە هەمیشە پاڵپشتی مەسیحیەکانی کوردستان و عێراقی کردەوە لە هاوکاری و یارمەتیدانیان بەتایبەتی لەجەنگی دژی تیرۆرو ئەو مەسیحیانەی کە ڕووبان لەهەرێمی کوردستان کردەوە.

جێگەی ئاماژەیە کەنیسەی مارگۆرگیس بۆ یەکەمجار سالی 1980 دروستکراوەو ئەمسال لەسەر ئەرکی حکومەتی هەنگاریاو بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە نۆژەن کرایەوە.

بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵ ڕۆڵی پارێزگاری هەولێر بەرزدەنرخێنێ



ئاسانکاری زۆری پێشکەش کردووە، ئاستی دەرچوانی قوتابخانەکانی ئاوارەو پەنابەران بۆ ئەمسال بەرز بۆتەوە، بۆ ئەمە ستافی نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە هەولێر ڕێزیان لە پارێزگاری هەولێر نا و سوپاسی هەموو هەوڵەکانیان کرد.

خەبات ـ سەید فەخرەدین:
نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگا پێشوازی کرد لە ئەندازیار عەبدولموجیب نایف عەبدلەتیف بەڕێوەبەری نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەی فیدراڵ لە هەولێرو شاندی یاوەری. لە دیدارێکدا ڕۆڵی پارێزگاری هەولێر بەرز نرخێنرا لە پاڵپشتی ڕەوشی پەروەردەو خوێندنی ئاوارەکانی نێوخۆیی عێراق کە ترسی جەنگ و هێرشەکانی داعش ئێستا لە کۆمەڵێک کەمپی جیاواز لە هەولێر نیشتەجێن، لەم ڕووەوە پارێزگاری هەولێر

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر: یەکێ لە سوودە گەورەکانی ئەو پرۆژەیە، کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبایە لەلایەن هاووڵاتیانەوە

لە هەولێر دەست بەسەر بڕێکی زۆر لە ڕۆنی ئۆتۆمبێل ساختەکراو داگیرا



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: دوای کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێری کردن لەلایەن قایمقامیەتی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەربە ئاژانسی پاراستن، بەشی پۆلیسی شارەوانی توانیان دەست بەسە بڕی 113 سەتلی گەورەی ڕۆنی نۆتۆمبێل ساختەکراو دابگیرێت. ئەم جۆرە ڕۆنە ڕۆنی پیسە واتە دووبارە بەکارهێنراوتەوە لەگەڵ ڕۆنی خاوێن تێکەڵکراوە و ئامادەکراوە لەناو ئەو سەتلانە لە وێنەکان دا دیارە بەشێوازی ڕۆنی ئۆرجینال فرۆشتویانە لەبازاڕ. سەرەڕای داخستی کۆگاکە دووکەس دەست بەسەرکران بەپێی مادەی 10 لەیاسای پاراستنی مافی بەکاربەر دەست بەسەر کران.



وەک ڕێزێک بەرامبەر سالانی خزمەت و دڵسۆزی بۆ وڵات، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێز لە لیوایەکی خانەنشینکراوی پۆلیس گرت.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاری نانەکەلی کارگێڕی لق و بەرپرسی لێژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ نیشتیمان و هەڤاڵانی ناوچە، سەردانی لیوای خانەنشینکراوی پۆلیس وریا مەعروف کرد.

لەو سەردانەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی خزمەتی چەندین سالەی لیوا وریای کرد لە دامەزراوەکانی پۆلیس بۆ خزمەتکردنی وڵات، بەتایبەتیش ئەو سالانەی کە کۆلیژی پۆلیس لە هەولێر دامەزرا و توانی ڕۆلێکی کاریگەری تێدا ببینێ.

بەرامبەر بەوە، بەرپرسی لقی دوو لۆگۆیەکی ڕێزلێنانی لقی دووی بە لیوا وریا مەعروف بەخشی و گوتی: گەل و وڵات شانازی بەوانە دەکەن ڕۆژانێک دڵسۆزیان بۆ خاک و وڵاتەکەیان نیشانداوە بەو خزمەتەی پێشکەشیان کردووە. لیوا وریا مەعروف سوپاسی ڕێزلێنانەکەی بەرپرسی لقی دووی کرد و گوتی: ڕێز گرتنەکە بیرمان دەخاتەوە کە هەرچەند خزمەتی ئەو وڵاتەمان کردبێ کەمبووە، چونکە ئەو گەلە شایەنی هەموو خزمەتێکە.

لە هەولێر پرۆژەی بەستانی پێوەری زیرەک کەوتە واری جێبەجێکردنەوە

پەدواداچوون: هاوار موڕتکەیی
دەمێکە لێرەو لەوێ پرۆژەی پێوەری زیرەک (سەعاتی کارەبا) کە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنییەتی، باسی زۆری لەسەر دەکرێت و هەرجارەو باس لە بیانوویەک دەکرا کە پرۆژەکە بەهۆیەوە نەتوانراوە جێبەجێبکرێت، دوای ئەمە بێدەنگییەک باڵی بەسەر ئەو پرۆژەیەدا کێشا، کەچی لەم ماوەیە دەست بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرایەوە و ئەمجارە کارەکان وەک ئەوەی پلانی بۆ دانراوە بەڕێوەدەچن، ڕۆژنامەی خەبات لەبەدواداچوونیکیدا لەگەڵ ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر وردەکاری پرۆژەی پێوەری زیرەک بۆ هاوڵاتیان بلاودەکاتەوە.



پرۆژەیەکی ستراتیژی

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر باسی لە پرۆژەی پێوەری زیرەک کرد و ئاماژەی بەو هەنگاوە کرد کە شەش ساڵ لەمەوبەر بڕیار بوو پرۆژەکە جێبەجێبکرێت و گوتی: پێوەری زیرەک یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەتی کارەبا کە لە کۆتاییەکانی 2013 بەشێکی زۆر لە قۆناغەکانی بڕی بۆ ئەوەی بچێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی قەیرانی دارایییەوە ئەوکات پرۆژەکە ڕاگیرا، لەبەر گرنگیی پرۆژەکە وەزارەتی کارەبا بەردەوام لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەوڵی ئەوەدابوون دەرفەتێک دروست بێت بۆ ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکرێت، بەڵام ئەمە ماوەیەکی خایاند تا قەیرانی دارایی کەمێک سووکتر بوو، هەروەک دەبینین. لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پێویستی بە گوزمەیەکی زۆر هەبوو، بەڵام لەبەر گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارەبا کە بواریکی هەستیارە بۆ خزمەتی سەرجەم کایەکانی بەڕیوەچوون لە وڵاتدا پێویستە، بۆیە بڕیاردرا کە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، قۆناغ بە قۆناغ کاریان لەسەر کرا تاوەکو گەیشتە ئاستی ئەوەی سپێردرا بە کۆمپانیاکان و گرێبەست ئەنجامدرا، کە بێگومان ئەمانە لە ڕابردوودا کاتیان پێویست بووە، ئەوەبوو گرێبەست لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی پەیوەند ئەنجامدرا، هەرێەک لەو کۆمپانیانە بەپێی تایبەتمەندی خۆیان کارەکانیان ئەنجام دەدەن، یەکێک لە کۆمپانیاکانی کاری دانانی بەرنامەی کۆمپیوتەری ئەلیکترۆنی سیستمەکەیە، کۆمپانیایەکی دیکە کار لەسەر دابین کردنی کێبڵ و سەندوق و پیداویستییەکانی تر دابین بکات، هەروەها کۆمپانیایەکی تر ئەرکی بەستانی لە ئەستۆدایە، کۆمپانیایەکی تر ڕووپێوی تۆڕەکان بکات و بە سیستمی جی ئای ئێس بخرێتە کۆمپیوتەرەوە.

ئەم پرۆژەیە قۆناغەکانی بڕدراون

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر ئاماژەی بە قۆناغەکانی ئەم پرۆژەیە کرد کە تا ئێستا ئەنجام دراون و گوتی: دوای بڕینی سەرجەم قۆناغەکان و گرێبەست کردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە وەک ئاماژەمان



بەکۆنترۆڵکردنی کارەبا لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەشێکی زۆر لە کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەبن لە بابەتی کاتژمێرەکانی هەبوونی کارەبادا بێگومان زیاد دەکات

خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/16 ژمارە (5749)

بەرپرسی لقی دوو هەڵوێستی نیشتیمانپەروەریی مامۆستایان بەرز دەنرخێنێ



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ستایشی مامۆستایانی کرد لەوەی لە بارودۆخێکی سەختی ئابووریدا نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن و فێربوون بوەستێ.

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە ڕاگر و مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کرد.

لەو دیدارەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی ڕۆڵی مامۆستایانی کرد لە پێشخستنی ڕەوتی زانست و پێگەیاندنی نەوەی جۆشکراو بە مەعریفە، پێشی وابوو مامۆستایان هەڵوێستێکی نیشتیمانپەروەری گەورەیان نواند لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەوکاتەی نەیانهێشت بەهۆی بارودۆخی خراپی ئابوورییەوە پرۆسەی خوێندن و زانست پەکی بکەوێت، گوتیشی: خەڵکی کوردستان ئەو هەڵوێستە مێژوویی و نیشتیمانپەروەریە هەرگیز لەبیر ناکەن.

لە بەرامبەردا ڕاگر و مامۆستایانی کۆلێژی پەروەردە وێڕای سوپاسیان بۆ پێشوازی بەرپرسی لقی دوو، لۆگۆیەکی ڕێزلێنانیان پێشکەشی کرد بەرامبەر ئەو پشتگیرییەی لە پرۆسەی خوێندن دەیکات.

بەرپرسێ لقێ نۆ: چارەسەرکرنا ئاریشەیێن کومەلایەتی لدویف یاسایێ ئەم ب ئەرکێ خۆ دزانین



دیاری حسێن ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرەدانا بارەگایێ لقێ 9دا و ژلایێ سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 ڤە ب گەرمی هاتە پێشوازیا کرن، ئارمانج ل سەرەدانا دیاری حسێن ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی بۆ چارەسەرکرنا ئاریشەیەکا کومەلایەتی یا گوندێ شرتی بوو کو ئەڤ گوندە دکەڤیتە ناحیا دینارتێ و سەر ب سنورێ لقێ 9 ڤەیە، ب سەرپەرشتیا بەرپرسێ لقێ9 و دیاری حسێن و ب هەول و بزاڤێن دەزگەهێن پەیوەندیدار و پیاو ماقویل و ڕهسپیێن دەڤەرێ شیان ئەوێ ئاریشەیا کومەلایەتی چارەسەر بکەن، هەژی یە بێژین کو ئەڤ ئاریشەیە دئەڤ سالەدا هاتبوو ڕوویدان کو ئەو ژی ڕوویدانەکا هاتنوچوویی بوو دنێڤبەرا ڕێکا هەولێر و ئاکرێ و دڤێ ڕوویدانێ باب وزاروکەکێ گیانێ خۆ ژدەست دابوون وسێ کەسێن دی ژی ل هەمان خێزان بریندار ببوون، پشتی کو واژوو هاتیە کرن لسەر پێکئینانا وێ ئاریشەیێ بەرپرسێ لقێ9: سوپاسیا تەڤایا وان دەزگەهـ و پیاو ماقویل و ڕهسپیان و هەردوو مالباتان کرن کو شیان ئەڤێ ئاریشەیێ ب دویماهیک بینن. لدویماهیکێ هەردوو مالباتا سوپاسیا لقێ 9 و دیاری حسێن ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیێ و تەڤایا دام ودەزگەهـ و نڤیسینگەها کومەلایەتیا لقێ و پیاوماقویل ورهسپیێن دەڤەرێ کرن و سوز ژی دان کو ل ئەڤرو پاشڤە مینا برا پێکڤە بژین.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز کاک ئەحمەد نوری ئیبراهیم

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گولان و کەسایەتی دیاری خانەقین نوری ئیبراهیم ـ ی باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبووی باوکتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بۆ هاوکارمان تریفە ئازاد

هەواڵی کۆچی دوایی سەبری محمدی ئامۆزای بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی خەباتەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەبەهەشت شاد بکات و سەبوری بە خانەوادە و کەسوکاری بدات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ پێنجشەممە دووەم ڕۆژی پرسەیە لە مزگەوتی ئەبوبەکر سدیق لە هەولێر

خەبات

گەرمیان... دوو بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان سزادران

خەبات ـ سەبریە یوسف: دوێنێ ئاسایشی گەرمیان سزادانی2 بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکانی ڕاگەیاند. لەو بارەوە، نەقیب عوسمان عەبدولکەریم، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئاساییشی گەرمیان، بە خەباتی ڕاگەیاند: پاش ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە لایەن هێزەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە توانرا بە تۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دوو تۆمەتبار دەستگیربکرێن و پاش ئەوەی دۆسیەکەیان خرایە بەردەم دادەوری لیکۆڵینەوەو هەروەها پاش چەندین دانیشتنی دادگا و خستنەڕووی تەواوی بەڵگەکان و دانپیادانانی تاوانباران بە تاوانەکانیاندا سەرەنجام لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان سزا دران.

هەولێر... چەند نۆڕینگەیەک و دەرمانخانەیەک داخران

لێژنەی باڵای بەدواداچوونی دەرمان کە پێکهاتووە لە سەرۆکایەتی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان، بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەربە ئاژانسی پاراستن و بە هاوکاری هێزی تایبەتی یەک و بەشی پۆلیسی شارەوانی، لە هەڵمەتێکدا دوو کۆگای دەرمان لە شەقامی پزیشکانی هەولێر، نۆ نۆڕینگە و دەرمانخانەیەک لە مامزاوە و قۆڕیتان بەسەر کرانەوە و هەموویان داخران هۆکاری داخستنی ئەم شوێنانەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە دەرمانی نایاسایی و مۆڵەت پێنەدراویان فرۆشتووە. هەروەها هەموو دەرمانە قاچاخ و بێ مۆڵەتەکان دەستیان بەسەرداگیرا ڕێکاری یاسایی گیرایە بەر لەبەرامبەر سەرپێچیکاران.

45ـەمین سالڤەگەرا ل سێدارەدایی لەیلا قاسم هاتە ساخکرنەڤە



ب هەلکەفتا 45مین سالڤەگەرا شەهیدا نەمر و ل سێدارەدایی لەیلا قاسم و ل هولا بارەگایێ ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ و ب بەرهەڤبونا خانما دلڤین شیمال محەمەد بەرپرسا ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ و هژمارەیەکا ئافرەتان سمینارەک بۆ خانم جەمیلە محەمەد حاجی ئەنداما لقێ9 و لژێر ناڤێ ڕولێ ئافرەتا کورد د بزاڤا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ دا هاتە سازکرن.

د تەوەرەکێ سمینارێ دا کورگێرێ ب تێروتەسەلی ئاماژە دا شێرەژنا کورد و ڕولێ وێ یێ دیار و بەرچاڤ د شورەش و سەرهلدانێن بزاڤا ڕزگاریخوازیا کوردستانێ دا و نەمازە ل شورشا ئیلونا مەزن و گولانا پێشکەفتنخواز و سەرهلدانا جەماورێ کوردستانێ و بەرەڤانیکرنێ ل ئەزمونا هەرێما کوردستانێ ل دژی شەرێ تیروریستێن داعش ، ژ ئالیەکێ دیڤە بەحسێ 45مین سالڤەگەرا شێرەژنەکا کو سەرێ خۆ بۆ دوژمن و داگیرکەرێن کوردستانێ نەچەماندی کو ئەو ژی خوشکە شەهیدا نەمر و هەردەم ساخ د وژدانا هەر کوردەکێ دلسوزو نیشتیمانپەروەر کو ئەڤێ ئافرەتا کورد پەتێ سێدارێ ماچی کر تاکو ئەم ئەڤرۆ دسەربلند بین و ب ئاشتی و ئازادی بژین و بەرەڤ سەرخوەبوونێڤە بچین کو ئەڤە هیڤیا گەلێ کوردە.

لدور ڤێ سمینارێ خانما دلڤین شیمال محەمەد بەرپرسا ئەنجومەنێ ئافرەتان ل ئاکرێ بۆ خەبات گوت: ب ڕاستی مە بفەر زانی کو ئەم سالیادا شەهیدا نەمر و هەردەم ساخ لەیلا قاسم ب چەند چالاکیان ساخ بکەینەڤە کو ئەڤرو سمینارەک بو جەمیلەخان ئەنداما لقێ9 تاکو ئەڤ نڤشێ نوی پتر سەرهەلی خەبات و بەرخودانا ئافرەتا کورد بیت دشورش وسەرهلدانێن گەلێ کوردستانێ کو هەردەم ئافرەت مل ب ملێ زەلامیڤە بوویە.

دانانی پێوەری زیرەک هیچ پەیوەندییەکی بە نرخی یەکەی کارەباوە نییە





پێدا، بەبەردەوام کۆبوونەوە و سیمینار وۆرک شۆپ لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی کارەبا لە ئاستی وەزیر تا کارمەندانی تر لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکان ئەنجامدراوە ئەویش بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەرەتاوە لە شاری (ئاشتی 2) لە پارێزگای هەولێر ئەو پرۆژەیە جێبەجێکرا کە نزیکەی900 پێوەری زیرەک بەسترا، بۆ ئەوەی بزانین ئەو گیروگرفتانە چین کە دێنە پێشەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا گیروگرفتەکان زۆر نەبن کە ڕووبەڕوومان ببنەوە، و نەتوانرێ جێبەجێ بکرێت، لەو بەشەی کە ئاماژەمان پێداوە، کە پێم وایە لەهەمان کاتیش دەبێ لە پارێزگاکانی تریش دەست پێ بکرێت، سەبارەت بە پارێزگای هەولێریش لە ناوچەی پیشەسازی باشوور و هەروەها لەو ناوچەیەی بە تایە فرۆشان ناسراوە، لەو دوو شوێنەش دەست بە جێبەجێکردنی کراوە.

دوو ساڵ دەخایەنێت

هەروەها لەبارەی وادەی جێبەجێکردن و تەواو بوونی پرۆژەکە گوتی: بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی کە هەیە بڕیارە پرۆژەی بەستانی پێوەری زیرەک دوو ساڵ بخایەنێت، ئومێد دەخوازین لەکاتی دیاریکراودا جێبەجێ ببێت، ئەم پرۆژەیە هیچ پەیوەندی بە نرخی یەکەی کارەباوە نییە، نرخی یەکەی کارەبا پەیوەستە بەو سیاسەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیڕەوی دەکات لە دانانی نرخی یەکەکانی کارەبادا، بەکورتییەکەی دانانی پێوەری زیرەک هیچ پەیوەندییەکی بە نرخی یەکەی کارەباوە نییە، بۆ نمونە ئەگەر هەرکاتێک بڕیاری گۆڕانکاری لە نرخی یەکەی کارەبادا هەبێت، ئەوا ئەو سیستەمە هەبێت یان نەبێت ئەوکات گۆڕانکاری هەر دەکرێت.

چیتر پێویست بە ژمێرکار نابێت

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر لەبارەی ئەو پێوەرە زیرەکەوە کە دوای تەواوبوونی کارئاسانی زۆر دەرەخسێنێت و دەڵێت: بێگومان ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک سوودی هەیە، یەکێ لە سوودە هەرە گەورەکان ئەوەیە، کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبایە لەلایەن هاولاتیانەوە، پێمان وایە بەکۆنترۆلکردنی کارەبا لەلایەن هاولاتیانەوە بەشێکی زۆر لە کێشەو گرفتەکان چارەسەر دەبن لە بابەتی کاتژمێرەکانی هەبوونی کارەبادا بێگومان زیاد دەکات، هەروەها دۆخی کارەبا لەوەی هەیە باشتر دەبێت، مەبەستم پچڕ پچڕی لە هەبوونی ئەو کێشانەی کە هەنە، هەروەها کاریگەری زۆری دەبێت لەو خەرجییەی لە چاکردنەوەی تۆڕەکانی کارەبا دەکرێت کەم دەبێتەوە، بەگشتی کێشەو گرفتەکان کەم دەبنەوە، سەبارەت بە هاوبەشانی پۆڵی ماڵان پێوەرەکان لەناو سەندوقێکدا جێگیر کراون (دانداراون) ئەو سەندوقانەش لەسەر ستوونی کارەبا دەبەسترێت، ئەو پێوەرە لەناو ماڵی هاولاتیان داناندرێت، وەکو ئەوەی ئێستا کە هەیە، سەبارەت بە خوێندنەوەی پێوەرەکانیش کە تاکو ئێستا لە ڕێگای ژمێرکارانەوە دەخوێندرێنەوە، دوای تەواوبوونی پرۆژەکان پێویست بەوە ناکات ژمێرکار پێوەر بخوێنێتەوە، بەڵکو سیستمە ئەلکترۆنییە کۆمپیوتەرەکەی ئاماژەمان پێدا بەبەردەوامی خوێندنەوەی هەریەکێک لەم پێوەرانە لەبەر دەستدا دەبن و جا ئەوکات مانگانە یاخوود دوو مانگ جارێک پسوولە چاپ دەکرێت و لەسەرەتاوە لەڕێگای ژمێرکارەکان وەکو ئێستا پسوولەکان دەگەیەندرێتە ماڵەکان و کرێیەکەیان لێ وەردەگیرێت، وە بۆ داهاتووتر سیستەمەکە ئاسانکاری ئەوەی تێداهەیە کە ژمێرکار پێویست ناکات بچێت پسوولە ببات و پارە وەرگرێت، بەڵکو لە ڕێگای سیستمی بانکی هاولاتیان لەڕێگای بانکەکانەوە یاخوود سیستەمەکانی دیکەی وەکو ئاسیا حەواله و پەلەپارەو ئەو سیستەمانەی کە هەیە دەتوانن پارەکە بدەن.

هاووڵاتی دەزانێ چەند کارەبا بەکاردێنێت

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا هاولاتی چۆن زانیاری لەبارەی ئەو پێوەرەوە بزانێت گوتی: ئامێرێک هەیە کە لەسەر ئەستۆی هاولاتی دەبێت ئەگەر هاولاتی بیکڕێت دەتوانێ لەماڵەکەی خۆیدا دایبنێت لە هەر کاتێکدا دەتوانێت سەرجەم داتاو زانیارییەکانی لەبەر دەستدا بێت وەک لەوەی چەند کارەبا رادەکێشێت، چەند ئەمپێری ڕاکێشاوە، ڤۆڵتییەکەی چەندە، یاخوود خەرجی کرێیەکەی کارەبای چەندە و چەندی خەرج کردووە؟ ئەمانە هەمووی لەڕێگای ئەو ئامێرەوە دەتوانرێت بزانرێت بەڵام ئەمە مەرج نییە لەسەر هاولاتی کە بیکڕێت یان نا، لەلایەکی دیکەوە لەسیستەمەکەدا دەکرێت ئەپلیکەیشنی وا دابنرێت بۆ ئەوەی هاولاتیان بەبەردەوامیی بتوانن تەماشای ئەو سایتە بکەن تایبەت بەم بوارە، تا بزانن چەند قەرزی لەسەرە و کرێی کارەبایان چەندە.

کەمکردنەوەی ڕۆتین

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر باسی لە سوودیکی دیکەی پێوەری زیرەک کرد و گوتی: سیستمی پێوەری زیرەک تەنها ئەوەندە نییە کە ئاماژەمان بۆ کرد، سودێکی دیکەی گرنگیی هەیە ئەویش لە کەمکردنەوەی ڕۆتین لە فەرمانگەکانی کارەبا، کە ئێستا بەشێک لە کارەکان کە ئەنجام دەدرێت ڕۆتینی تێدایە و بەدەستبەکاربوونی ئەو سیستمە بەشێکی زۆر لەو ڕۆتینە کەم دەبێتەوە هەر لە چاکردنەوەی کارەبای هاولاتیان و تاوەکو مامەلەی کردنەوەی هاوبەشی کارەبا و بەستانی پێوەری کارەبا و هەروەها ئە هەڵانەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی پێوەر لە لایەن ژمێرکارەوە دەخوێندرێتەوە یاخوود ئەو گرفتانەی کە زۆرجار دەبێتە زەحمەتی بۆ هاولاتیان و لەم سیستەمەدا ئەوانە نامێنێت، لێرەوە داوا لە هاولاتیان دەکەین کە کە هاوکاری تیمەکان بن لەکاتی بەستنی ئەو پێوەرە زیرەکەکە بۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات پرۆژەکە ئەنجام بدەین کە بێگومان پێش هەموو کەس ئەم پرۆژەیە لەبەرژەوەندی هاوولاتی کەمدەرامەتە.

بنەماڵەی حسامیی نەقشبەندی، لە بۆتەی ئایینداری و نیشتمانپەروەریدا



گوندی باخەکۆن – 2015

عەبدوللا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی*

تەصەوف وەک بەرنامەی خاوێنکردنەوەی دەروون بڕیارێکی خواییە کە هەر لەقوڕئانی پیرۆزەوە بڕیاری لەسەر داوە، ئەم پرۆسەیە لەگەڵ هاتنی پێغەمبەر (د.خ) و بڵاوبوونەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەستی پێکردووە و دواتر بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و چەندین بەرزی و نزمی و نشێوی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک میژووی زیاتر لەهەزار و چوارسەد ساڵەی ئیسلامەتی لەم پرۆسە پیرۆزە بێبەش نەبووە، و پشکی مەزنی ئەم پرۆسەیە بەهۆی تەریقەتی نەقشبەندی و بەتایبەتی شێخانی هەورامانی تاجی پرشکۆومەزنی ئەم تەریقەتەوە بەر گەلی کورد کەوتووە، و لەو کاتەوە بەدواوە زیاتر تەریقەت و تەصەوف کاریگەری ئەکتیڤی خۆیان لەسەر ئەم گەلە و لەرێی گەلی کوردیشەوە لەسەر تەواوی جیهانی ئیسلام دەرخست، و لەم ڕوانگەیەوە بنەماڵەی (حسامیی نەقشبەندی)، کە شالقێکی ئەم ڕێبازەن، تەواوی زنجیرەی بنەماڵەکەیان لەبۆتەی ئایینداری و نیشتیمانپەروەریدا تواونەتەوە و بەئێستایشەوە کەسەردەمی ئێرشادی (شێخ عەلی حیسامی)یە، لەو مەیدانەدا چالاکانە لەخزمەت بەردەوامن.

شێخ عەلی حیسامەددینی نەقشبەندی "گوڵ عەلی": کوڕی گەورە و بەرز و بەڕێزی شێخ موحەمەد بەهائوددین و نەوەی شێخی سیراجەددینی یەکەمی تەوێلەیە، و لە ساڵی (1861ز) لە گوندی تەوێلە هاتووەتە دنیاوە، و لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا قورئانی خەتم کردووە و تەواوی دەقە ئایینیە سەرەتاییەکانی وەرگرتووە، و لە تەمەنی پێنج – شەش ساڵیدا دەبێت، شێخی سیراجەددینی باپیری کۆچی دوایی دەکات، ئەویش لە ژێر دیدو چاودێری ڕاستەوخۆی زاهیری و باتنی شێخ بەهائوددینی باوکیدا سەرەتای سولوک و ڕێبازی تەسەوف و نەقشبەندی وەرگرتووە، بەهۆی زیرەکی و ئەو ئامادەییەی خودای مەزن پێی بەخشیبوو، لە کەمترین ماوەدا پلەکانی تەریقەتی بڕی و خەرقە و مۆڵەتنامەی ئیرشادی لە باوکی وەرگرت.

شێخ حیسامەددین دوای ژیانئاوایی باوکی، لە خانەقای تەوێلە دەستی دایە ئیرشاد و ڕێنماییکردنی موریدان، کە ماوەی شەست ساڵی تەواو ڕابەرایەتی ئەم ڕێبازە پیرۆزەی خستبوویە ئەستۆی خۆی و لە گوندەکانی خورماڵ و باخەکۆن، خانەقای بەرپا کرد، کە لەڕاستییدا بووبونە ناوەند و سەرچاوەی کۆڕ و کۆبوونەوەی سۆفی و خوداناسان.

شێخ عەلی حیسامەددین لە دیارترین و بەناوبانگترین شێخانی ڕێبازی نەقشبەندی سەدەی دوایی و لە ناوسراوترین کوڕ و نەوەکانی شێخ عوسمان سیراجوددین بووە. ئەم پیاوە لە ڕووی مەعنەوییەوە باڵی بەسەر ڕۆم و عەجەمدا کێشابوو، لە شام و حەڵەب و ئەستەمووڵەوە لە بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی بەرەکەت و بەخشش، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان دەهێنایە دەرگای.

شێخ حیسامەددین، کەسێکی بە فەڕو بەخشندە بووە و لە زانستی ئاینیشدا بەهرەی تەواوی بەدەستهێنابوو، و تەواوی خەلیفەکانی شێخ بەهائوددینی باوکی بەسەر دەستیدا بەیعەتیان نوێ کردووەتەوە، لەوانە (سەید عەبدوڵرەحیمی مەولەوی تاوگۆزی) کە یەکێک بووە لە خەلیفە بەرجەستەکانی شێخی سیراجەددین و شێخ بەهائوددین.

هەوڵ و کۆششەکانی شێخی حیسامەدین بە تەنها لایەنی ئیرشادی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو هەر کەسێک بۆ هەر کارێک پەنای پێ ببردایە، پەنای دەدا و نائومێدی نەدەکرد، کارئاسانی بۆ دەکرد و یارمەتی پێویستی دەدا، و لە بواری ئاوەدانکردنەوەبشدا، خزمەتێکی فراوانی پێشکەش کردووە، کە لە گوندی تەوێلە و بیارە و گوڵپ و باخەکۆن و لە ناوەندی ناحیەی خورماڵ و گوندەکانی تەپەکەلی شارەزوور و لە هاوینەهەواری کراویە دڵی هەورامانی بەشی ئێران و چەند جێگایەکی دیکە، شێخ دەستی ئاوەدانی تیایاندا خستووەتە کار و چەندین کێڵگەی بەرهەمهێناوە و چەندین باخ و باخاتی بێ وێنەی دروست کرد، وەک دیارە، ئەم هەموو مووڵکانە مووڵکی میراتی خۆی بوون کە تەواوی بەرهەم و بەروبوومیان لە خەرجی کاروباری ئەو هەموو خانەقایەدا کە لە سەردەمی سەرپەرشتی خۆیدا بینای نابوون و هەروەها لە بەڕێوەبردن و بژێوی مەلا و فەقێی خوێندنگاکان و خانەقا و خەرجی موریدان و میوانداندا بەکاری دەهێنا.



نووسەر لەگەڵ شێخ عەلی شێخ ئەحمەد ئەقشبەندیی جێگەداری شێخ حسامەددین

شایانی باسە کە شێخی حیسامەددین کەڕامەتی زۆری هەبوون، لەوانە: (عەبدولحسەین ئاورنگ) کە یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەنجومەنی شورای ئێران، ساڵی (1966) لە ساڵنامەی (دونیا) ژمارە (18) لە لاپەڕەکانی (170-171) دا، نووسیویەتی: مامۆستا لە شاری تاران، لە شارێکی ئەمیری، و کۆڵانی شەیبانی بوو، ماوەی بیست ڕۆژ بوو لەبەر نەخۆشی لە مالەوە کەوتبووم، شەوێکیان جەنابی حاجی عەلی ڕەزمارا سەرۆک وەزیری ئێران هاتە سەردانم، و پاش ماوەیەک دانیشتن و قسە گۆڕینەوە و چا خواردنەوە، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: خواوەندی گەورە چی بوێت، هەر ئەوە دەبێت، منیش گوتم ئەو ئاهەی تۆ مانای زۆری هەن، حەز دەکەم زیاتر قسەمان بۆ بکەیت، جا (فەریق ڕوکن ڕەزمارا) زیاتر لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو، و گوتی: ساڵی (1309ک/1891 ز) پلەی مولازمم هەبوو، بە فەرمانی حکومەتی ئێران چوومە ناوچەی هەورامان، لەوێوە بە شێوەیەکی نهێنی ڕێبشتمە شارۆچکەی تەوێلە، کە دەکەوێتە دیوی هەورامانی کوردستانی عێراقەوە، و چوومە خانەقای شێخی حیسامەددین، بەڵام بە ناوێکی تر و بە شێوەیەکی تر، دوو ڕۆژ لەوێ مامەوە، و پاش نوێژی شێوان چوومە خزمەتی شێخ، و پاش ئەوەی دەربارەی کەش و هەوا چەند پرسیارێکی لێکردم، هەموو جارێک بە ناوی (حاجی عەلی ڕەزمارا) ناوی دەبردم، هەرچەندە کە من خۆم بە ناوێکی تر ناساندبوو، و منیش هەموو جارێک دەمگوت قوربان ئەمە ناوی من نییە، بەڵام ئەو هیچ گوێی نەدەدا بە قسەکانم و فەرمووی: بیست ساڵی تر تۆ دەبێت بە سەرۆک وەزیری ئێران، هەرچەندم کرد نەمدەتوانی بڕوا بەم قسەیە بکەم، بەوەی کە پاش بیست ساڵی تر بیم بە تەنانەت (عەقید)یش، نەوەک سەرۆک وەزیری ئێران!!

جا لەبەر ئەوەی کە ترسی ئاشکرابوونم هەبوو، لە دوای دوو ڕۆژ خانەقام بەجێهێشت، و نەمتوانی کارەکەم تەواو بکەم، بۆیە بە هەورامانی دیوی کوردستانی ئێراندا گەڕامەوە، و پاش چەند مانگێکیش گەڕامەوە تارانی پایتەخت، و لە ساڵی (1329ک -1911 ز) و دوای تەواوبوونی بیست ساڵەکە، بووم بە سەرۆک وەزیری ئێران!!

دکتۆر مستەفا زەڵمی، لە ستایشی شێخی حیسامەددیندا دەڵێت: شێخی حیسامەددین پیاوێکی ژیر و زیرەک بوو، زۆر کەسایەتی خۆی ڕادەگرت، باوەڕناکەم لە تەمەنی شێخایەتیدا بۆ تەنها جارێکیش بە مەبەستی بینین و سەردانی مەلیک و دەسەڵاتداران سەردانی بەغدای پایتەختی کردبێت، و لە ساڵی (1933) مەلیک فەیصەلی یەکەم هات بۆ خورماڵ، من ئەو کاتە منداڵ بووم، بیرم دێت لە ناو بازاڕەکەدا تاقێکیان بۆ کردبوو بە گەلا بەڕوو ئەیان تەنی و حەوت هەشت کەپریان بۆ دروست دەکرد، و لە ناوەوە شوێنێکی تایبەتی خۆی هەبوو، لە ئێواراندا، کە ئێستا پێی دەڵێن: (نزرگەی شێخی حیسامەددین)، بەویەری ئاوەکەوە، کرابوو بە خانەقا، سێ مانگەی هاوین ئەو شوێنە وەک شارێکی شارستانی لێ دەهات، و هەموو جۆرە میوانێک لەو دەوڵەتە ئیسلامییانەوە کە باسم کردن دەهاتن بۆ خزمەتی و هەفتەی سێ چوار جاریش خۆی تەشریفی بە ناو باخەکاندا دەگەڕا.

دیسان جەنابی دکتۆر مستەفا زەڵمی، ئەمجارەیان سەبارەت بە ڕێز و خۆشەویستیی نەوەکانی شێخی حیسامەددین لە دڵی خەڵکیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە ڕیزبەندی گەڕانەدا بە مەبەستی خوێندن، ڕێم کەوتە گوندی (ڕووار) لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران، و شەو چوویتە مااڵێک، دیان شێخ موعتەصەمی کوڕی شێخی حیسامەددین، لەوێ میوانە، لە دوای نانخواردن، لێی پرسین خەڵکی کوێن؟ و بۆ کوێ دەچن؟ من وتم: خەڵکی زەڵمم و بۆ خوێندن دەچم، وتی: لە زەڵم کوڕی کێیت؟ وتم: من کوڕەزای صۆفی حەمەمینم، چونکە شێخەکان هەموویان بە باشی باپیرمیان دەناسی، وتی کەوابوو دەبێت لە گەڵمدا بێیت بۆ شاری سنە، دەتبەم بۆ لای مەلایەکی چاک بخوێنە، و هەموو ئەرکێکی خۆت و سوختەکەت لەسەر شانی من بێت، منیش وتم زۆر سوپاست ئەکەم، دەچم بۆ (دەگاگا)، ئەگەر جێگەم دەست نەکەوت، دێم بۆ لای جەنابتان، و شێخ موعتەصەم خۆی لە شاری سنە نەبوو، بەڵکو لە دێی (دێرمۆڵی) بوو، و خەڵکی زۆر ڕێزیان دەگرت.

کۆچی دوایی: دواجار شێخی حیسامەددین لە ساڵی (1939ز) لەباخەکۆن، ژیانئاوایی لەدنیا کردووە، و چوار کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشتووون:


1- شێخ موحەمەد بەهائەددینی دووەم، (1892ز -1972 ز).
2- حاجی شێخ عوسمان، (1894ز -1938 ز).
3- حاجی شێخ موعتەصەم، (1910ز -1988ز).
4- شێخ ڕاغیب، (1932ز -1949 ز).

دوای ئەوەی کە ئەم کوڕە بەڕێزانەی شێخی حیسامەددین هەر یەکە و بە پێی توانای خۆی لە خزمەتی تەریقەتی نەقشبەندیدا توانا و تەمەنی خۆیان سەرف کردووە، لە وەچەکانی ئەمانیشدا پیاوچاکی گەورە هەڵکەوتووە کە مەزنترینیان (جەنابی شێخ ئەحمەدی هەڵەبجە، 1922ز - 1989 ز) بووە، کە ناو و پلەوپایە و ئیحتیرامی جەنابیان نەک هەر کوردستانی عێراق و ئێران و تورکیا، بەڵکو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیشی گرتەوە، و ئێستایش جەنابی (شێخ عەلی حیسامی) دڕێژەپێدەری ئەو ڕێبازەیە، و شیاوی باسی شەهیدان (سەعدی حیسامی) و (جەمال حیسامی) لەپێناو خاک و نیشتمانەکەی خۆیاندا، لەگیانبەختکردووانی ئەم بنەماڵە سەربەرزن.

(شێخ عەلی حیسامی)، کوڕ و جێگەداری جەنابی شێخ ئەحمەدی هەڵەبجە (گوڵ ئەحمەد): کە ئێستا لە شاری هەڵەبجە خاوەنی تەکیە و خانەقا و مزگەوت و حوجرەی فەقێیانە، لەدایکبووی ساڵی 1975ی، زاینییە، ئیجازەی عیلمی مەلایەتی لەسەر دەستی (مامۆستا مەلا عەبدوڵلای گوڵپی) وەرگرتووە، دوای ژیانئاوایی باوکی، واتە جەنابی شێخ ئەحمەدی هەڵەبجە (گوڵ ئەحمەد)، لە 5/ 10/1989 لە شاری (سنە) و لە ئاوارەییدا، لەلایەن زانایان و شێخان و موراید و مەنسوبی هەر دوو دیوی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەک جێگەداری باوکی دانراوەتەوە، و بە (دووەم حیسامەددین) ناسراوە، و جەنابی شێخ عەلی حیسامی جیا لەمانەیش زانایەکی خاوەن قەڵەمە و خاوەنی چەند بەرهەمێکی چاپکراوە.



خورماڵ.. سەردانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم بۆ لای شێخ حسامەددین نەقشبەندی
پێشوازیکردنی لەلایەن حاجی شێخ عوسمان کوڕی شێخ حسامەددین



باخەکۆن.. شێخ حسامەددین و هەندێک لە موریدو خەلیفەکانی

لاوانەوەی مەلا و شاعیری مەزنی هەورامان، مەلا حەسەنی دزڵی، بۆ کۆچی دوایی شێخی حیسامەددین:

ڕۆژگاران ئاخ، ڕۆژگاران ئاخ! زەمانەی وەیشووم، سەد حەسرەت، سەد داخ!
بدیە وە کەردەی، سیای چەرخەزاخ چەندش دان وە هەم، خانەدان ئۆجاخ
کۆن ولی اللە؟ کۆن قیبلەی عامی کۆن نووری تەڵعەت، شێخی حیسامی؟
تەم و بوخارەن، نە سەر باخەکۆن شوعاعی جەمااڵ، حیسامەددین کۆن؟
نەجمی مەنزوومەی سەبعەی سەیارات پەی پابوس پاش، عاڵەم بە ئاوات
فەڵەک ئێشی من، بلۆت نە تۆی دڵ تۆ قورسی قەمەر، نیات نە تۆی گڵ
ئەی شەمسی تاڵع هەر لایەق بە تۆن گاه گاه تەوێڵێ، و گاه گاه باخەکۆن
گاه بە ئیشارەت ڕەمزی مونەوەر پانە منارەی بورجی گوڵ عومەر
قوتبی دنیا و دین، شەمسی عاڵەم تاب پا نە سەر ڕێکاب، داییرەی ئەقتاب
قوتبی دنیا و دین، قەڵای دینم ڕۆ! کەعبەی فەقیران، سەرزەمینم ڕۆ!
بابەی موراید و مەنسوبانم ڕۆ! سەربەرزی عێراق، هەم ئێرانم ڕۆ!
موریدا بەیدێ، بکەردێ زاری پەیی بێ کەسی و بێ یاگەداری
داخی داخانم! کوشیاوە ئۆجاخ مەگەر هەر واچو، سەد حەسرەت و داخ!
یاگەکێش هاڵی و بێ کەس و بێ شۆن قوتبێ تەر پێسە، حیسامەددین کۆن؟!

رێنماییکردنی موریدان، کە ماوەی شەست ساڵی تەواو ڕابەرایەتی ئەم ڕێبازە پیرۆزەی خستبوویە ئەستۆی خۆی و لە گوندەکانی خورماڵ و باخەکۆن، خانەقای بەرپا کرد، کە لەڕاستییدا بووبونە ناوەند و سەرچاوەی کۆڕ و کۆبوونەوەی سۆفی و خوداناسان.

شێخ عەلی حیسامەددین لە دیارترین و بەناوبانگترین شێخانی ڕێبازی نەقشبەندی سەدەی دوایی و لە ناوسراوترین کوڕ و نەوەکانی شێخ عوسمان سیراجوددین بووە. ئەم پیاوە لە ڕووی مەعنەوییەوە باڵی بەسەر ڕۆم و عەجەمدا کێشابوو، لە شام و حەڵەب و ئەستەمووڵەوە لە بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی بەرەکەت و بەخشش، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان دەهێنایە دەرگای.

شێخ حیسامەددین، کەسێکی بە فەڕو بەخشندە بووە و لە زانستی ئاینیشدا بەهرەی تەواوی بەدەستهێنابوو، و تەواوی خەلیفەکانی شێخ بەهائوددینی باوکی بەسەر دەستیدا بەیعەتیان نوێ کردووەتەوە، لەوانە (سەید عەبدوڵرەحیمی مەولەوی تاوگۆزی) کە یەکێک بووە لە خەلیفە بەرجەستەکانی شێخی سیراجەددین و شێخ بەهائوددین.

هەوڵ و کۆششەکانی شێخی حیسامەدین بە تەنها لایەنی ئیرشادی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو

* ماستەر لە تەفسیری قورئان - لەزانکۆی سلێمانی.



چرکە ساتی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی 11ی ئازار لە بەغدا 1970/3/11
لەڕاستەوە: سەدام حوسێن، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، ئەحمەد حەسەن بەکر، عیزەت دۆری، شەهید ئیدریس بارزانی.

گۆزەرێک بەنێو خەباتی بێوچانی بارزانیی نەمردا

شێخ تاهیر شووشی: بارزانی سیمبولی قوتابخانەی کوردایەتییە

زانیار سەردار قرگەیی

بارزانیی نەمر لە سەرەتاوە ناوی بەجوامێری و گیانبەخش و فیداکار لەپێناوی کوردستاندا دەرکرد بوو، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تووشی زیندان و دەربەدەری بووە و زۆر جاریش بەشداری شەڕ و پێکدادان و بەرەنگاربیەکان لەگەڵ دوژمنانی دەبووەوە، ناوی بە مێرخاس دەرکردبوو کە بە درێژایی تێکۆشانی خۆی سەلماندی کە پێشمەرگە و ڕابەر و کوردپەروەرێکی بەهێزە، دواتریش پێشەوایەتی و سەرکردایەتی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردستانی کردووە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی. بۆساتێکیش سازشی لەسەر بستەخاکێکی کوردستان نەکردووە و سڵی لە هیچ جۆرە دوژمنکارییەک نەکردۆتەوە و بەردەوام سوور بووە لەسەر داوا ڕەواکانی نەتەوەکەی تا کۆچی دوایی کوردایەتییەکی پاک و بێگەرد و ڕاستەقینەی کرد. کەسایەتی سیاسی و تێکۆشەری دێرین (شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی) بەمجۆرە شرۆڤەی خەبات و تێکۆشانی بارزانیی نەمر دەکات.

4

لە ساڵی 1947 پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و گەڕانەوەی خێزانە بارزانییەکان بۆ کوردستانی عێراق و بڕیاری بارزانی بە ڕەتکردنەوەی هەڕەشەکانی دوژمنان بۆ وازهێنان و دەسبەرداربوون لە شۆڕش و خۆتەسلیم بوونیان، کەچی دوای چەندین شەڕی سەخت و دژواری جوامێرانە خۆی و 512 کەس لە جەنگاوەرە کۆنەدەرەکانی لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و وەکو پەنابەر ڕوویان کردە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران. تەنانەت مستەفا بارزانی لەسەر خاکی سۆڤیەتیش هەر ئاگاداری ژیانی ئەم جەنگاوەرانە بوو، لە دەرەوە ئاگاداری تێکۆشانی کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەوڵ و تێکۆشانی درێژخایەنی خۆی بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەی دەخستە کار و دەنگی میللەتی کوردی دەگەیاندە کۆشکی "کرملن" و سەرۆکی سۆڤیەتی جاران، خرۆشۆڤ و بەرپرسانی تری ئەو حکوومەتە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958و دەرچوونی فەرمانی عەبدولکەریم قاسم بە ئازادکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی لە زیندان و گەڕانەوەی بارزانییی نەمر و هاوەڵانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق و پێشوازی گەرمی خەڵکی عێراق و کوردستان بە گەڕانەوەیان و دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی و وەفاداری خۆیان بۆ بارزانی و ڕێبازەکەی، جارێکی تر خەڵکی کوردستان پەیمانی نەتەوایەتی و خەباتی کوردایەتیان بە بارزانی بەخشی.

دواتر حکوومەتی عێراقی خۆی خستە خانەی دوژمنان و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانی ڕەتکردەوە بە پڕ چەککردنی نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی بەربەستی لە بەردەم هەر دەرفەت و ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتیانە و سەردەمیانە دانا.. پاش سەرهەڵدانی چەند ڕووداوێکی نەخوازراو لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە دەسیسەی کاربەدەستانی عێراق و بەکارهێنانی وەک بەهانەیەک لەلایەن کاربەدەست و شۆڤێنیەکانی عێراق بۆ ڕەوانەکردنی هێزی چەکدار و چەتەکان بۆ کوردستان کە دواتر بەزەبری ئاگر و ئاسن و فڕۆکە جەنگییەکانیان هێرشیان کردە سەر جەماوەری پارتی و خەڵکی کوردستان و لە وەڵامی ئەمەشدا لە بەرواری 11ی ئەیلوولی 1961 شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی و پێشمەرگە بەشەرەفەکانی کوردستان هەڵگیرسا و بە هەزارەها کەس چوونە نێو ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشان و ئامادەیی خۆیان بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان و پەیڕەوی ڕێبازی بارزانی دەربڕی.

گومان لەوەدانییە بە درێژایی تێکۆشانی شۆڕشی ئەیلوول حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی تا سەردەم عەبدولکەریم قاسم سەرۆک بارزانییان بە سەرۆک و ڕابەری شۆڕش و میللەتی کورد دەزانی و نکۆلیان لێی نەدەکرد، تەنانەت سەددام حسێن و حکوومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق تا ئێستاش، بارزانی و مافباتی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی کورد دەزانن.

بەعسییەکان لە ساڵی 1963و حکوومەتی عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارفی برای و پاشان لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسێن و دەرکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 کە لە نێوان کاربەدەستانی حکوومەتی عێراقی و ڕێزدار مستەفا بارزانی بە نوێنەرایەتی پارتی و شۆڕشی میللەتی کورد واژۆ کرا، بە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمی دەڤێرێ کە یەکەمین جارە حکوومەتی عێراقی دان بە مافی ڕەوای میللەتی کورد دادەنێ و دەبێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی لە سەرتاسەری عێراق.

واژۆکردن و دەرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە بارزانی و قوتابخانەکەی نوێنەری هەموو میللەتی کوردن و هەر ئەوان دەتوانن درێژە بە شۆڕش و بەرخودان بدەن و سەربەخۆیی کوردستان بەدەست بهێنن.

ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردن بێت ئەوەیە کە لەو کاتەی حکوومەتی عێراقی خەریکی وتووێژ و گفتوگۆیەکی قوڵ بوو لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بە هەزارەها لەو کوردانەی چەتە و هەڵخەڵەتاوی بەکرێگراوبوون و بەناوی جۆراوجۆر لە بەرەکانی شەڕدا شان بەشانی هێزە چەکدارەکانی عێراق بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری پێشمەرگەی کوردستانیان دەدا و خەڵکێکی زۆری بێ دەسەڵاتیان شەهید کرد و مااڵیان تاڵان کردن، لە هەمان کاتدا بەڕپرسانی ڕژێمی بەغدا هیچ حیسابێکیان بۆ ئەوانە نەکرد و هیچ کام لەم حزب و گرووپانەیان بە نوێنەری میللەتی کورد نەدەناسی و هەمیشە پارتی و بارزانیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی کورد لە قەڵەم دەدا.

لە ساڵی 1974 حکوومەتی بەعس لە عێراق لە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 پاشگەزبۆوە، هێرشی سەربازی توند و دڕندانەی دژی میللەتی کورد و شۆڕشەکەی دەستپێکرد و کاربەدەستانی ڕژێم کەوتنە داڕشتنی پیلانی نەگریسی جۆراوجۆر لە ناوخۆ دەرەوە بۆ لەباربردنی شۆڕش خۆیان ئامادەکرد بۆ تەنازل کردن و دەستبەرداربوون لە مافە سڕووشتیەکانی خەڵکی عێراق بۆ شای ئێران و دەوڵەتەکانی دەوروبەر و بیانی بەرامبەر بە تێکدان و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و شۆڕشەکەی، ئەوەبوو ڕێککەوتننامەی شومی جەزائیر لە ساڵی 1975 لە نێوان سەددام حسێن و شای ئێرانی گۆڕبەگۆڕ واژۆکراو شۆڕشی ئەیلوول بەشێوەیەکی کاتی جموجۆڵەکانی ڕاگرت، هەر ئەو ڕێککەوتننامەیە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران کە بە هەزارەها گەنجی هەردوو وڵات هاتنە کوشتن و هەزارەها گوند و ناوچە وێران و کاول بوو.



شێخ تاهیر عەبدولغەفور شووشی

لە سەرووی هەموو ئەو غەدر و زوڵم و زۆردارییە و خیانەتکارییە، ئەوندەی پێنەچوو پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی ئاگری شۆڕشی گوڵانی پیرۆزیان هەڵگیرساند و بارزانیش وەکو جاران لە مەیدانی کوردایەتی درێژەی بە خەبات و تێکۆشان و شۆڕشدا و بە سەربەرزییەوە جارێکی تر بە ڕابەری ڕزگاریخوازی میللەتی کورد مایەوە و پەرەی بە خەباتی ڕاستەقینە دەدا و پیشانی داگیرکەران و چەتە و نۆکەرەکانی کوردیدا کە ئاگری خەبات و تێکۆشان لەناو شاخ و داخەکانی کوردستان ماوە و هەر دەمێنێ.

لە ساڵی 1979 پاش مااڵئاوایی باوکی ڕۆحی میللەتی کورد مستەفا بارزانی نەمر، بەگڕ و تینێکی کوردپەروەرانە قوتابیانی بە ئەمەکی قوتابخانەی بارزانی (ئیدریس و مەسعود بارزانی) درێژەیان بە هەمان ڕێچکەدا و بوون بە پێشمەرگەی کوردستان و دەستکەوتی گەورەیان دژی ڕژێمی عێراقی بەدەست هێناو جارێکی تر ئەستێرەی بزووتنەوەی بارزانی لە ئاسمانی کوردایەتیدا زیاتر درەوشایەوە، بۆ هەموو دنیا ڕوون بۆوە کە مەسعود بارزانی قوتابی دوێنێ بۆتە ڕابەر و سەرکردەی ئەمڕۆ و تا ئێستا درێژەپێدەری ئەم قوتابخانە پڕشنگدارەیە و بە هەموو هێز و هیمەتی کوردپەروەرانەی ڕاستەقینەوە جێگەی باوکی مەلا مستەفا بارزانی گرتووە.

قەڵەم زمانی خودایە

د. عەلی شەریعەتی

قەڵەم ڕۆحی منە. ڕۆحی ئێمەیە. سوێند دەخۆم بە قەڵەمەکەم، بەو خوێنە ڕەشەی لە گەرووییەوە دەڕژێتە سەر کاغەز، بە تنۆک تنۆک ئەو خوێنەی لە نووکی زمانیەوە دەتکێ، بەو نااڵەو نووزەی، بەو شین و زارییە پڕ لە ژان و ئازارەی لە هەناوییەوە دەردەچێ... سوێند بێ کەوا ڕۆحی پیرۆزی قەڵەمەکەم نەفڕۆشم، گۆشت و خوێنی نەخۆم، دەستەمۆی دەستی زۆردارانی نەکەم، نەیدەم بە زێڕ و ماڵی دنیا، نەیخەمە نێو پەنجەکانی دووڕوویی و ڕیاکاری و مەڕاییکاری. پەنجەکانم دەبڕمەوە و واز لە قەڵەمەکەم ناهێنم. چاوەکانم کوێر دەکەم، گوێچکەکانم کەڕ دەکەم، قاچەکانم دەشکێنم، قامکەکانم گرێ گرێ ورد وخاش دەکەم، سینگم هەڵدەدڕم و دڵم دەکوژم، تەنانەت زمانم دەبڕم و لێوەکانم دەدوورمەوە... بەاڵم قەڵەمەکەم نافڕۆشمە بێگانە.

سوێند بە گیانی قەڵەمەکەم گیانی بە قوربان دەکەم... سوێند بە خوێنە ڕەشەکەی قەڵەمەکەم لەنێو خوێنی خۆمدا دەگەوزێم لە پێناوی پاراستنی دا، فەرمانی لێ وەردەگرم، بۆ هەرکوێی بمبات، بۆ هەرکوێم پەلکێش بکات ملکەچی دەبم.

قەڵەم ڕۆحی منە، پێسپێردراوی "ڕۆحی پیرۆز"ی منە. ئەسپاردەی مریەمی پاکی منە. خاچی پیرۆزی منە. بەڵێن و سۆزی پێدەدەم نەبمە دیل و کۆیلەی پاشای ڕۆم. خۆم ڕادەستی هەرێز و نامەردان ناکەم. با بەژن و باڵای بەرز و ڕاستەقینەو خۆڕاگری قەڵەمەکەم لە زەویدا بچەقێنن و بیکەن بە خاچ و پێیەوە لەخاچم دەن، با بەچوار میخم بکێشن بۆ ئەوەی قەڵەمم کە مایەو سەرچاوەی پتەوی و هێز و وزەی ژیانم بووە، ببێتە خاچی مەرگم، ببێتە شایەت و گەواهیدەری پەیامەکەم، ببێتە شایەتی شەهیدبوونم تاوەکو خودا بزانێ قەڵەمەکمم نەکردۆتە پلیکانەی ناوبانگدەرکردن و پێی هەڵزنابم و، خەڵکیش بزانێ قەڵەمەکمم نەکردووە بە سفرەو گۆشتی تاڵی ڕۆحی خۆمم لە سەری نەخواردووە... هەرکەسێک و، هەر هۆز و خێڵێک ڕۆحێکی هەیە. ڕۆحی من، ڕۆحی هێز و خێڵی من قەڵەمە. قەڵەم زمانی خودایە. قەڵەم پێسپێردراوی "ئادەمە"، ڕاسپاردەی عەشق و خۆشەویستییە. هەرکەس ڕۆحێکی هەیەو قەڵەم ڕۆحی منەو قەڵەم ڕۆحی ئێمەیە.

دۆخی ژیانم، چۆنێتی پەروەردە کردنم و بیروباوەڕم و بەتایبەتی وردەو هەڵسوکەوتم هەر لە منداڵییەوە منیان پیر کرد و هەروەک جارێکی تریش لە وتارێکدا نووسیومە، بەردەوام وەکو برا گچکەی باوکم و براگەورەی هاوزێدەکانم دەرکەوتووم. هەرگیز تامی خۆشی وشادی هەڵبەز و دابەزو جوواڵەو بزێوبەکانی قۆناغی منداڵێتیشم نەچەشت. لەهەموو پۆلەکانی قۆناغی خوێندنیشمدا لە کەسێکی بەساڵاچوو دەچووم و لەم دوا پۆلیشدا، بێجگە لە دووانیان، لە هەموویان بچووکتر بووم و لەهەموویان ڕیشسپیتر وردە وردە تێڕوانینی منداڵە هاوزێ و هاوتەمەنەکانم کە منیان لەخۆیان جیادەکردەوە و منیان لەخۆیان نەدەزانی و ڕێزپەڕیان دەکردم وایان لێکردم بەخۆشم باوەڕ بەوە بێنم کەوا من منداڵێکی ڕیش سپیم. ئەم دۆخە درێژەی کێشاو، دووڕە پەڕێزی و تەریکبوون و تەنهایی و چوونە نێو داڵغەو خەیاڵان و خەمباری، دزەی کردە نێو مۆخی ئێستەنەکانم و چیدی لێی دەرنەچوو. دەرەنجامی ئەو پێگەیەیشم ئەوەی لێ کەوتەوە هەرکەسێک پرسیارێکی جدی هەبوایە ڕووی لەمن دەکرد. شادی و گەشت و سەیران و دیاری و خۆشیەکانی ژیانیان هی خۆیان و هی خۆیەکانیان بوو کەچی هەرکاتێ بیانویستبا دەردی دڵیان هەڵڕژێن و حەزیان بە گاڵیەی و نک و نااڵە دەکرد لە دەستی "ڕۆژگار" و "خودا" و "ئایین" و "سیاسەت" و "خەڵک"، یان حەزیان لە قسەو باسی ئەم دنیاو و ئەو دنیا بوایە بەدوای منداد دەگەڕان و، منیش باوەڕم بەخۆم کردبوو کە لە بنەڕەتدا من بۆ ئەوە هەم تا پرسیارم لێ بکرێ و من وڵامی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە و، ئەرکی ئەوەیان خستبووە سەر شانم کەوا ئاریشەو گرفتی هەمووان چارەسەر بکەم، وڵامی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە، هەر ئیشکال و تانەو ڕەخنەو عەیب و بیانووی بن شڕ و بێ پایەو، هەر نارەزابوون و ئیرادێکیان لەمەڕ زەمێن و زەمان و زانست و فەلسەفەو دین و ئەدەب و خەڵک وسیاسەت هەبوایە، دەبوایە وڵامیان بدەمەوە. " نازانم" و "پەیوەندی بەمنەوە نییە" و " شتێکی وام بە مێشکدا نەهاتووە" یان لێ قبوڵ نەدەکردم و دەبوایە وڵامم بۆ هەموو پرسیارەکانیان هەبێ. (تەشبیە نەبێ) ببوومە بریکار و پارێزەری سەرجەم پێغەمبەرەکان و تەنانەت ، لەکاتێکا من خۆم لەنێو ئاگری ستەمکاریدا دەقرچام "بۆ بسەلمێنم!!

من لە زەینی خۆمدا نیشتەجێی ئاسمان و هەسارەکانی دیکە بووم و لە دنیایەکی تردا دەژیام کەچی ئەوان لەسەر گۆی ئەم زەمینەدا هەر پرسیاریان بەردەوام هەڵدەڕشت و منیش هەر دەبوایە وڵامیان بدەمەوە. هەر من بەرپرس بووم. هەر من دەبوایە چارەسەرەکان بدۆزمەوە. هەموو دژوارییەکان، مەترسیەکان و پلانەکان و کێشمەکێش و ڕووداوە دڵتەزێن و سەردەردی لەگەڵ خەڵک و حکومەت و پۆلیس و تەنانەت نووسینی تێزە فکری و شەن و کەوکردنە کۆمەاڵیەتی و سیاسیەکان لە ئەستۆی من بوو، هەر پێشهاتێکی نەخوازراویش، دەکەوتە ئەستۆی من و هەر تفت و تاڵیەک و ڕەنج و زەحمەتێکیش هەبوایە لە ملی من بوو. منیش وەک هەمیشەی ژیانم وامدەزانی لێرەش دەبێ ئەوان پرسیار بکەن و من وڵام بدەمەوە. شان و پیلی ئەوان ئاسووە بێ لە هەموو بەرپرسیارێتیەک و ئەستۆی من داڕووشێ لەژێر قورسایی دۆزینەوەی چارەسەریەکان و سۆز و بەڵێنەکاندا. لێکاولێک دەیانپرسی "دەبێ چی بکەین" ؟ منیش کە تێیدا دەمام دەچووم کتێبەکانی "دەبێ چی بکەین"ی لینین و چرنۆفسکی و داستایوفسکیم دەخوێندەوە و دەمبینی نا، ئەو وڵامانە هیچ پەیوەندیەکیان بەم پرسیارانەوە نیە . ئەوان، هەمووان لەمنیان دەپرسی"دەبێ چی بکەین" ؟ منیش دەبوایە وڵامێکم هەبێ بۆ ئەو پرسیارەو دەمبینی جیاوازی من و ئەوان لەوەدایە کەوا "ئەوان هەر دەمبینن لێم دەپرسن دەبێ چی بکەین؟ منیش هەرکاتێک ئەوان دەبینم لەخۆم ناپرسم دەبێ چی بکەین؟!!

و. مقداد شاسواری

*** د. عەلی شەریعەتی ساڵی 1934 لە پارێزگای خوراسان لەدایک بووە.**

*** ساڵی 1978 لە ئەوروپا کۆچی دوایی کردووە.**

وون بوون

ناسنامەی پەیمانگای تەکنەلوجیای هەولێر بەشی رووپێوی بەناوی منصور محمد عمر سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری قوناغی سێیەم بەشی کارگێڕی کار بەناوی احمد فارس قادر اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ئیقامە و ناسنامەی ولاتی تورکیا مۆلەتی لێخورین تورکیا- ناسنامەی زانکۆی تیشك وە بڕی ٤٥٠$ چوارسەدو پەنجا دۆلار بەناوی نوراللە دارجی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٢٦٥٦٤ بەرواری ٢٠١٥/٤/٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نوزاد امجد رفیق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٢٦٦٢٣ بەرواری ٢٠١٥/٤/٢٢ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی شوان طالب ابراهیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية التسجيل العقاری فی كويسنجق
الی الرهن/ حميد كمال محمد
التسلسل او رقم الطعة: ٤٨٥
المحلة واو رقم واسم المقاطعة: قلعة/ كو يسنجق
الجنس/ دار/ خانوو
مقدار الدين: (١٦٠٠٠٠٠٠ ستة عشر مليون) دينار
اسم الدائن المرتهن: (مصرف الشرق الاوسط العراقی للاستثمار/ فرع سامان)
وصف سجل التامينات العينية: رهن تأمينی فی الدرجة الاولی بالعدد ٣/اذار ٢/٢٠١١
محل الاقامة المبين بالعقد: كويسنجق/ محلة/ قلعة/ دار (٤٨٥)
بناء علی استحقاق الدين المبين اعلاه وطلب الدائن تحصيله و بالنظر لعدم اقامتك فی المحل المبين بالعقد وانه ليس لك محل اقامة معلوم غيره فتعتبر بذلك مجهول محل الاقامة فعليه قررنا تبليغك بلزوم دفع الدين و توابعه خلال (١٥) يوما اعتبارا من اليوم التالی لتاريخ نشر الاعلان والا فسيباع عقارك الموصوف اعلاه بالمزايدة وفقا للقانون.
مدير/ دائرة التسجيل العقاری فی
مريوان فتاح رسول

***

دائرة التسجيل العقاری فی حلبجة
الرقم / ٥٨٦
التاريخ/ ٦ / ٥ / ٢٠١٩
اعلان
قرار تثبيت عائدية عقار مجددا
بناء علی ثبوت عائدية تمام العقار المرقم ٢٩١ محلة((طويله)) الی طالب التسجيل ((پێشڕەو رووك موەمن)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٥ / ٥ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلی من لديه اعتراض علی القرار المذكور اقامة الدعوی لدی المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالی لنشر هذالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوی لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية
رئيس اللجنة
القاضی / سۆزان حمه شريف عبدالله

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
التاريخ: ٢٠١٩/٥/٢٧
العدد: ٢٠٧/ ش/ ٢٠١٩
اعلام
الي المدعي علية / عباس مولود نادر
اقامت المدعية (شنو جاسم نادر) الدعوي المرقمة (٢٠٧/ ش/ ٢٠١٩) و تطلب نفقة ماضية و مستمرة لها ولابنتها (زينة عباس مولود)، وبما ان محل اقامتك غير معلوم حسب اشعا مختار محلة شيروانة، لذا قررت هذة المحكمة تبليغك عن طريق صحيفتين يوميتين محليتين لحضورك امام هذة المحكمة بتاريخ (٢٠١٩/٥/٢٧) الساعة (٩) صباحا، يوجب الحضور بنفسك او بوكيل عنك و بعكسة تجري المرافعة بحقك غيابيا و علينا.
القاضي/ بروين علي احمد

***

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية التنفيذ في كفري
رقم: ١٢٠
تاريخ: ٢٠١٩/٥/١٣
اعلان

تنفيذا لمتطلبات الاخبارة التنفيذية المرقمة (٢٠/ت د/٢٠١٩) و بموجب قرار محكمة الاحوال الشخصية في كفري العدد (١١٠/ش /٢٠١٨) و المؤرخ (٢٠١٨/١٢/١٩) و المتضمن دفع المدين المذكور ادناه بدفعة للمدعين حصتهم من المهر الوجل من اجل مورثهم المتوفاة (سهيلة حمه غريب محمود) (٣,٥٠٠,٠٠٠) دينار ثلاثة ملايين و خمسمائة الف دينار للدائنين كل كم (خزيمة ابراهيم احمد و فتاح حمة غريب محمود و صباح حمة غريب محمود و سامان حمة غريب محمود و يسري و الهام و سهام بنات حمة غريب محمود) و اتعاب المحاماة البالغة عشرون الف دينار و بناءا علي مجهولية اقامة محل المدين (كنعان سلام عكلة) نرجو تبليغة و الاعلان بصدد الموضوع في جردتكم و الحضور في مديريتنا خلال مدة اقصاها خمسة عشر يوما اعتبارا من تاريخ نشر الاعلان في الجريدة.
جێبەجێکاری داد
هشام جمال عباس

***

ئاگادارییەك لە وەزارەتی پێشمەرگەوە
وەزارەتی پێشمەرگە لە خستنەڕوویەکی ئاشکرادا هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (٩٧) تۆتۆمبێلی جۆراوجۆرو لەکارکەوتوو.
بۆ ئەم مەبەستە داوا لەو کریارانە دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە، لە رۆژی یەك شەممە ٢٠١٩/٥/٢٦ کاتژمێر (٩) سەرلەبەیانی لە بارەگای میرەی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەحرکە، ئامادەبن.

***

فەرمانگەی دادنووسی (خەبات)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هاوکار هادی شریف) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداوە لە (قەزای خەبات/ ناحیەی رزگاری) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ دلزار نجاة ياسين نجار
ئامێرەکان:
١ – ئامێری لێدانی بەروار ئۆتۆماتیکی ژمارە/ ٢٠١٩/٠٠٣٨ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V(٢٢٠) بڕی/٣,٧٥٠,٠٠٠ سێ ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار.
٢- ئامێری لێدانی بەروار ئۆتۆماتیکی ژمارە/ ٢٠١٩/٠٠٣٩ دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V(٢٢٠) بڕی/٣,٧٥٠,٠٠٠ سێ ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار.

***

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دوو
بەشی/ ژمێریاری
ژمارە: ١٠١١/١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیانی بەڕێز دەکەینەوە کەوا لێژنەی پێك هاتوو تایبەت بە فرۆشتنی لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەڵدەستێ بە فرۆشتنی کۆمەلێك کەلوپەلی جۆراو جۆر بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ جاهەر کەسێك ئارەزووی بەشداركردنی هەیە دەتوانێت بەشداری بکات سەربدات لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەشی کۆگا لەڕۆژانی ٢٠١٩/٥/٢٣/٢٢/٢١ وە ڕۆژی فرۆشتن لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ لەکاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ وە بەشداربوو بارمتەیی یاسای ڕێژەی ٢٠٪ی کەمتر نەبێت لەنرخی خەملێنراو دابنێت وە کرێی بڵاوەکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی بۆی دەردەچێت.
ئەندازیاری شارەزا
مازن احمد عبدالله
بەڕێوەبەری شارەوانی دوو

***

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٨٨٤٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٥
ئاگاداری ژمارە (٤)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (دروستکردن و کردنەوەی دەروازەی سنوری مێرگەسۆر- ڕووبارۆك (کۆمەڵگا زیت) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٧ دەبێت. وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فۆشتنی تەندەر بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ سەد سەد هەزار دیناوە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیا دەبێت تایبەت بێت بەبواری بیناسازی.
٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٩٦٧/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (امین مذکور فهد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوسن حیدر رسول) داوای ژمارە (٩٦٧/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (٧ی حصارۆك) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٢٢١٧/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٥/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (پروین بلال مصطفی) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (ڕێدار سالار محمد امین) داوای ژمارە (٢٢١٧/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (سعدوناوە) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٦/٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٠٦٨/ ب/٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (نیاز عبدالرحمن مصطفی)
داواکار (کبیر سعدی فتاح) داوای ژمارە ١٠٦٨/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٢,٣٥٠٠٠) دۆلار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ئەفسەران) لە ٢٠١٩/٥/٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/١٧) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٨٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ، (پشت سەربرخانەی هەولێر) بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٨٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ، (پشت سەربرخانەی هەولێر) بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٨٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ، (پشت سەربرخانەی هەولێر) بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

سەرۆکاتیا دادگەها تێهەڵچوونا ناوچا دهۆك دادگەها بەرایی / زاخۆ
ژمارە /١٢٨/ ب/٢٠١٩
مێژوو/ ٢٠١٩/٥/١٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو/(عصمت عيسی مصطفی) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو – گولان , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .
ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠١٩/٥/٧) ل داوا ژمارا (١٢٨/ب/٢٠١٩) بریار دا ب پێگیرکرنا تە ب دانا کۆژمێ (٧٠٠٠ $) حەفت هزار دولار بۆ داواکار (خلات محمد علی احمد) ژ بهایێ بویاغا دیوارا یان بەرامبەر دینارێ عیراقێ ژ مێژوویا داواکرنا داوایێ ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٣/١٨) دگەل ماندیبینا پارێزەری بۆ بریکارێ داواکاری پارێزەر (جوتیار عبدالکریم یوسف) ب کۆژمێ حەفت سەد دولارا , و ژبەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (دەلال) ژمارە (٢٠٩٠) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٥/١٢) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخنێ گولان کۆ تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی د تومارا تاخنێ مەدا هەیە بەلی نوکە ئەم نزانن ئاکنجی یی کیفەیە و جهێ ئاکنجیبوونا وی نە دیارە)) , ژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاکەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێن نافخویی و ڕۆژانە دا ، دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارێ ، وئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سیندخارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و تە مافێ نەرازیبین و تێهەلچوونێ و پێداچوونێ هەیە دماوێ یاساییدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا دوومایەکێ وەرگرت ...
دادوەر/ احمد حسن خلف

***

پارێزگەها دهۆکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٨٦٤
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٥
ئاگەهداری
پارێزگەها دهۆکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (فروتنا ترومێلێن هەلوەشاندنی بێن ڕێڤەبەریا هاتن و جوونا پارێزگەها دهۆکێ) (١٧) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو هەر کومپانیەکا کو بشێت ڤی کاری ئەنجام بدەت.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەردانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بە کرینا تەندەران ٢٠١٩/٥/٢٣.
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- ڕۆژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٥/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان يونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهۆکێ

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك
ژمارە / ٨
ڕێکەوتی : ١٤ / ٥ / ٢٠١٩
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (کاویان ازاد نعمت) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی (کارگەی تیشك) بۆ ئامادەکردن و پێچانەوەی پاکەرەوەکان / بچووك کە لە (کەلار / شێخ لەنگەر) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.
لەگەڵ ڕێزدا ...

ژ	ناوی ئامێر	ژمارەی ئامێر	دروستکراو	مۆدێل	توانای کارەبایی
١-	خەزان و خەڵات	٢٠١٧	ئەمپێر ٢		نیە
٢-	خەزان و خەڵات	٢٠١٧	ئەمپێر ٢		نیە
٣-	خەزان و خەڵات	٢٠١٧	ئەمپێر ٢		نیە

سیامند محمد صالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
١٤/ ٥ / ٢٠١٩

***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتووین :

Job Title	Supply Chain Expeditor
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

- Manage & expedite delivery of goods and services;
- Assist the SC buyers in obtaining quotations, vender documentation, shipping documentation;
- Assist the SC buyers in follow-up of requisitions and technical evaluations;
- Prepare weekly status overview on all outstanding Project requisitions and PO's;
- Evaluate supplier proposals and arrange for purchase orders for assigned areas of responsibility;
- Evaluates and analyzes received tenders / bids / quotations / proposals / offers to establish the detailed commercial and pricing implications;
- Perform tasks associated with assigning/executing EPICOR purchase orders;

Required Qualifications & Experience:

- HNC and/or BTEC, 5+ years relevant experience;
- Demonstrable knowledge & experience in Supply Chain activities;
- Min 2 years working knowledge in Oil & Gas Supply Chain position;
- Hold a valid UAE visa

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٤/ك/٢٠١٤
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (قیسی علی حسین ناصر و حسنة بحر عبد علی)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٨/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ١٤/ك/٢٠١٤ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ٢٤٠ لەیاسای سزادان و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٢٧٧/ك/٢٠١٣
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (احمد نجم عبدالله فارس)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٦ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٢٧٧/ك/٢٠١٣ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٩٣/ك/٢٠١٤
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (حیدر وسمی تالور)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٦/١١/٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٣٩٣/ك/٢٠١٤ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٧١٨/ك/٢٠١٢
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (رعد ترکی مردان علوان)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٦/١١/٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٧١٨/ك/٢٠١٢ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٩٩/ك/٢٠١٤
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (علی هادی مطشر عبد)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٦/١١/٢ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٣٩٩/ك/٢٠١٤ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٧/ك/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (نجلة جاسم سلمان عبدالحسن)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/٣/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ٧/ك/٢٠١٦ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بە غەرامەکردنت بەبڕی ١٥٠٠٠٠ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٢١/ك/٢٠١٥
رۆژ: ٢٠١٩/٤/٢٩
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (قتیبة طالب زکاع ابراهیم)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٧/١/١١ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ١٢١/ك/٢٠١٥ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ و حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی یەك مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٧٥/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٥
بلاوکردنەوەی بڕیاری پاشملە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (حسین عزیز محمد)
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٣٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بۆیە دادگایی کراییت بەشێوەی پاشملە و ئاشکرا لە داوای سزایی ژمارە: ١٧٥/ك/٢٠١٨ و بڕیاردرا تاوانبار بکرێیت بەپێی ماددەی ٢ موبایل لەیاسای (نەهێشتنی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیکردن) حوکم درا بە سەرتا بەبەندکردنی سووك بۆ ماوەی شەش مانگ وە فەرمانی گرتنت دراوە و بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارە پاشملەکە بەپێی یاسا.
دادوەر / سروەر علی جعفر
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٦١١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٤/ ٢٠١٩/٥
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (امیرە داود عزیز) ل دیف داخازیا داواکار (رداد رشید کامل) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (تصدیق طلاق) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهوك K.R.O ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل روژا ٢٠١٩/٥/٢٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٥٥٧/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٥/١٣
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (سارا زاخولی) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٥/١٣ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (نیجرفان عبی زید) بریاردا ب ژێك فەبوونا دەرکی (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یی داواکار دا وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٨٧٩ / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (سیف الدین محمد یوسف)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو روژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (جبری) بین
هاریڤان ایوب عبدالله
(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/١٢٨
رێکەوت/٢٠١٩/٥/١٥
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٨٦٧/١٨) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (ابراهیم سعید احمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف جیهان) بکوژمێ (٦٥٠٠٠٠٠٠) شێست وپێنج ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٦٦٠٠٠٠٠٠)شێست وشەش ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٨٦٧/١٨) کەرتێ(٨٤/بروشکی) جور پێك هاتیە ژ ئاڤاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ وهول ئێك ژورا نڤستنێ ولێنانگەە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وبیتون روبەر (١٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٦٦٠٠٠٠٠٠)شێست وشەش ملیون دینار
هدی زاهد سلیمان
جێ بە جێ کاری داد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/١٧٢٢
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٥
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فرۆتنا ترۆمبێلا ژمارە (١٠٣٩٩٧/دهۆك تایبەت) جۆرێ(دوج افا نجر صالون اوتوماتیك) مودێل (٢٠١٢) رەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (زیرفان مصطفی علی) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (محمد خورشید سلیم) بکوژمێ (١٨١١٢٥٠٠) هەژدە ملیون وسەد ودوازدە هزار وپێنج سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢ /دوازدەی) نیڤرو ل روژا (١٠ /دەهێ) پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٩٦٠٠٠٠٠) نەە ملیون وشەش سەد هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
هلات عبدالکریم محمد
جێ بەجێ کاری داد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٦٩٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترۆمبێلا ژمارە (٨٢٨٨٤/دهوك تایبەت) جۆرێ(اودی Q٧ ستیشن) مودێل (٢٠١١) رەنگ (سپی) ئەوا تومارکری بناڤێ قەردار (هەلکەفت رشید سعید) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا رێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢ /دوازدەی) نیڤرو ل روژا (١٠ /دەهێ) پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت برێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیست وچار ملیون دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
ڤژان عزیز محمد
رێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٣٣٥/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/٩
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: عبید محمد شریف عبید
ل دیف داخازیا داواکار (رابین علی خالد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا:
(تعویض عن الطلاق) کری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (اربیل – تاخی هڤالان) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/٥/٢١) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
القاضی/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٩٧/ش/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٣
ئاگاداری
بۆ/ داوالێکەراو/ طە یونس سلیمان/ جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە
داواکار استبرق خالد عبدالله رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژێك جودا بوون (تفریق) ژتە دکەت ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە ل دویف ئاگاداریا هەلبژێر و دەستەکا هەلبژارتنا قەزا سێمێلێ کومەلگەها ئەڤرو ستی- لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تەبێتە کرن ل دوو رۆژنامەیێن روژانەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەمژمێر ١٠ سپێدەهیا روژا ٢٠١٩/٦/١١ و ل بەروڤاژی ڤی چەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی و ئاشکرایێ هیتە کرن..
دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٣٣٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/٩
راگەهاندن
بو/ داوالێکری: عبید محمد شریف عبید
ل دیف داخازیا داواکار (رابین علی خالد) و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا:
(نفقە) کری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ (اربیل – تاخی هڤالان) ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا (٢٠١٩/٥/٢١) یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن.
القاضی/ مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٢٨/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٣
جاردان بۆ جاری دووەم
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٤١١١٨/هەولێر – کرێ) جۆری (نیسان پاص ٢٩ راکب) مۆدیل (٢٠٠٥) رەنگی سپی کە بەناوی خوالێخۆشبوو (حیدر حسن حسین) لە رۆژی (٢٠١٩/٥/٢٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٩,٠٠٠,٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك
ژمارە: ٢٠١٣/١١٣٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٧
پێراگەیاندن
بۆ/ قەردار: خالص جلیل خلیل
ژبەر نەزانین و نەدیاری شوێنی نیشتەجێ بوونا تە, لەورا بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێبەجێکردنی بریار هاتە دان ب رێیا دوو رۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لرێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێبەجێکرنێ (الاجراءات التنفیذیة) و بەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین.
هلات عبدالکریم محمد / جێ بەجێ کاری داد
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٧١١/ش٢٠١٩/٥
رێکەوت:٢٠١٩/٥/٦
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمد رشید عرب) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٧١١/ش٢٠١٩/٥) بڕیاریدا لەسەر جیابوونەوە (تفریق للهجر) بۆ تۆ و داواکار (ڤیان محسن حمید) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی گلکند بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٢٠٣٦/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو (شیلان عمر عبدالقادر)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (محمد عبدالکریم مصطفی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٢٠٣٦/ش٢٠١٩/٣ تیایدا داوای (تصدیق الطلاق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- پیرزین) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٦/٢٣) کاتژمێر (٩) ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەداواداچوون

ژمارەك ٣٥٨٦
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٤

بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای(سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای(الاذکیاء) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامێری تاقیگە و زانستی و پێداویستیەکانی خوێندنگەی/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لەتۆمارەکانمان. بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەداواداچوون

ژمارەك ٣٦١٤
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥

بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای(سنوردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای(BAYSAL) بۆ پاڵاوتنی ئاو/ سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لەتۆمارەکانمان. بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.
اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەداواداچوون پشکنین

ژمارەك ٣٦٠٤
بەروار: ٢٠١٩/٥/١٥

بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای(تاك)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای(هۆشیار قرنی محمد علی) بۆ بازرگانی گشتی و کەل و پەلی کارەبایی/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (١٧٧) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لەتۆمارەکانمان. بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی ١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو.

اراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (کاوە شریف محمد جمباز) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی دەستی کاری بیانی و پاککردنەوەی گشتی و فرۆشتنی بلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بڕیاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (کاوە شریف محمد جمباز) بۆ کۆمپانیا (LATIN BLUE) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان /
بەوەکالەت

ئەحمەد شەوقی ڕۆمانnووسیش بوو



بڕیتان جەلال

زۆر کەم کەس دەزانن کە شاعیری گەورەی عەرەب (ئەحمەد شەوقی) کە نازناوی (میری شاعیران)ی پێدراوە، ڕۆمانnووسیش بووە و ڕۆمانێکی بە ناونیشانی (کچە پاکیزەکەی هیندستان) نووسیوە، چاپی یەکەمی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وە لە ڕێکی لەسالّی 1897 چاپ و بلاّوکرایەوە، ئەم ڕۆمانە لە ڕووی ستایلی نووسینەوە زۆر جیاواز بووە لەو شانۆگەرییە شیعریانەی ئەحمەد شەوقی دەینووسین، زۆرێک لە ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە ئەم ڕۆمانە لە یەکێک لە چیرۆکەکانی سینەمای هیندییەوە وەرگیرابێت، بەلاّم ئەوکاتەی کە ئەم ڕۆمانە نووسراوە بە هیچ شێوەیەک سینەمای هیندی لە دایک نەبوو.

چیرۆکی ڕۆمانەکە باس لە عیشقی نێوان کچێکی قەشەنگی هیندی و یەکێک لە فیرعەونەکانی میسر دەکات، هەندێک وای بۆ دەچن مەبەست لەو ڕۆمانە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی نێوان هەردوو ولاّتی هیند و میسر بەرجەستە دەکات تا دەگاتە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو سەرۆکی هیندی و میسری (جواهیر ئال نەهرۆ) و (جەمال عەبدولناسر) و کارووبیر و بۆچوونەکانی ئەو دوو سەرۆکە لە بەتینکردن و چەسپاندنی (ولاّتە بێ لایەنەکان) و ئەو هزر و بۆچوونە نەتەوەییانەیان لە نێو ئەو ڕێخراوە سیاسیە دا.

شەوقی لە تەوەرێکی دیکەی ڕۆمانەکەیدا باس لە زیرەکی و لێهاتوویی میسریەکان دەکات و بەوەیان ناوزەد دەکات کە لە هەموو عەرەبەکانی جیهان لێوەشاوە و ئازا و زیرەکترن، هەمیشە کە باس لە میسریەکان دەکات نازناوی گەورەی عەرەبەکانیان پێدەبەخشێ، دیارە ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە شارستانییەت و مەدەنیەتی عەرەب لە میسرەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوان دایکی شارستانی میللەتانی ڕۆژهەلاّتن.

فیرعەونەکان بە بنیاتنەری مەدەنییەت لە ڕووی زانست و ئابووری و سیاسی و ئایین و ڕۆشنبیرییەوە لە قەلەم دەدات و ڕۆلّی فیرعەونەکان لە چەسپاندنی یاسا و ڕێسا سیاسی و ئایینیەکان بە هەند وەرگرتووە.

هیندە کۆنەکانیش بە هاندەرێک دەبینێ بۆ تێکەلّبوونی لەگەلّ شارستانییەتی کۆنی میسر و دروستکردنی شارستانییەتێکی گەورەی ڕۆژهەلاّت کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات.

شایەنی بیرخستنەوەیە، ئەحمەد چەوقی شاعیرێکی بلیمەت بوو، بە پێشەنگی شاعیرانی سەردەمی خۆی ناسرابوو کە کاریگەری بەسەر وەچەیەکی گەورە و فراوانی شیعری عەرەبی هەبووە، خزمەتێکی زۆری هونەری گۆرانی و مۆسیقای عەرەبی کردووە، چونکی زۆربەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە لە لایەن گەورە ئاواز دانەرانەوە کراون بە سرودی نیشتمانی و گۆرانی و ئێوێرێت.

ئەحمەد شەوقی لە سالّی 1868لە دەوروبەری شاری قاهیرە هاتۆتە دنیا، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەوێ بڕیوە، پاشان چۆتە کۆلیژی ماف، لە دوایی دا لەسەر ئەرکی میسر بۆ تەواوکردنی خوێندن دەنێردرێتە ولاّتی فەڕەنسا، لە ڕۆژی 18ی تەموزی سالّی 1893دوای سێ ساڵ بروانامەی بالاّ لەو ولاّتە بەدەست دەهێنێت، کە دەگەڕێتەوە میسر و تێکەلّ بە ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی دەبێت، لەبەر هەلّوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی، ئینگلیزەکان بۆ تیسپانیا دەینێرن و لە تاراوگە ژیانێکی ناخۆش و پڕ مەینەتی دەباتە سەر هەتا سالّی 1920لە ئوم کەلسوم.

تاراوگەدا دەست بەسەر دەبێت و دواتر ئازاد دەکرێت، لە مەڕاسیمێکی گەورە و میژووییدا لە سالّی 1927بە (میری شاعیران)ی عەرەب هەلّدەبژێردرێت، ئەو کات لە میسر لەگەلّ شاعیرێکی دیکە ململانێیەکی گەورەی هەبوو لەسەر ئەوەی کە کامەیان بکرێن بە میری شاعیران، ئەویش شاعیری بەناوبانگ (حافز ئیبراهیم) بوو، بەلاّم لە کۆتاییدا حافز ئیبراهیم دانی بە گەورەیی ئەحمەد شەوقی دەنێت و بەوە ڕازی دەبێت کە نازناوی (میری شاعیران)ی پێبدرێت.

شەوقی حەزی لە گۆرانی و مۆسیقاش بووە و بە دەیان دەقی گۆرانی نووسیوە بە تایبەتیش بۆ عەبدولوەهاب و ئەم شاعیرە کە دوای (موتەنەبی) گەورەی شاعیری عەرەب، بە یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی میسر و عەرەب لە قەلەم دەدرێت و پاش مردنیشی هەموو شیعرەکانی لە دیوانێک بەناوی (شەوقیات) چاپ دەکرێت، ماوە ئامادە بەوە بدەین کە شاعیر لە ڕۆژی 23ی تشرینی یەکەمی سالّی 1932کۆچی دوایی کردووە و چۆتە ڕیزی شاعیرە نەمرەکانی دنیا.



تۆنی مۆریسۆن بەدوای ڕەگی کەسانی دیکە دەگەڕێ

نووسینی/ حەسوئە موسباحی
وەرگێڕانی/ ئاکۆ

تۆنی مۆریسۆنی وەرگری خەلاّتی نۆبلّی ئاداب، بەشێوەیەکی کرداری دەستی بە نووسینی ڕۆمان و چیرۆک نەکرد تا لە تەمەنی چلّ سالّی ڕەتبنەدا. دەبوایە پێنج ساڵیش بەسەربەربێت تاکو نووسینی یەکەم ڕۆمانی (سۆل) بە کۆتا بگەیەنێ. کە لەو ڕۆمانەدا باس لە ژنێک دەکات لە گەڕەکێکی شاری ئۆهایۆ دەژیەت و بەهۆی ڕەتکردنەوەی نەریتە کۆنەپارێزەکان، لەو ناوەندانەی کە پەیوەستن و بەستراون بەو جۆرە نەریتانە، دووچاری شالاّوی سەخت دەبێت. بەهۆی ئەو ڕۆمانەش کە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، تۆنی مۆریسۆن خۆی لە دیمەنی ئەدەبی ئەمەریکی و جیهانی سەپاند، لە ڕۆمانە ناوداڕەکەی Beloved‌یش کە کراوەتەوە فیلم و لە سەرتاسەری جیهان بۆتە مایەی سەرسامی ملیۆنەها کەس، تۆنی مۆریسۆن باسی لە پرسی کۆیلایەتی کردووە.

ڕووداوەکان ئەو ڕۆمانە لە سەدەی هەڤدەهەم دایە. واتە ئەو ماوەیەی کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێشتا (جیهانی نوێ) بوو و کۆچەران لە ولاّتانی ئەورووپی بە ژمارەی زۆرەوە بۆی دەچوون. لەنا‌ویاندا سویدیەکان، فەرەنسییەکان، ئیسپانییەکان، ئیتالییەکان، هۆلەندییەکان، ڕووسەکان هەبوون. شارەکانیش بە گوێرەی ئەو ناوانە ناودەبران کە ئەو کۆچەرانەی بۆی دەچوون بۆیان دایدەکرد.

لەو ماوەیەشدا خزمەتکاری سپی پێست سەربەهەلّدا. لە ڕاستیشدا ئەو خزمەتکارانە بە تەواوی کۆیلەبوون، بە هەمان شێوەی خزمەتکارە ڕەشەکان. لە ڕێگەشیاندا بەڕەو تاراوگەی ئەمەریکی، هەندێک لەو خزمەتکارە سپییانە، بەر لە گەیشتنیان بە (جیهانی نوێ) دەمردن. ئەوانەی کە توانیشیان بیگەنێ، یەکسەر دەکران بە کۆیلە. بە هەمان شێوە هاوسەر و منداڵاکانیشیان. تاکە شتیش کە خزمەتکاری ڕەشی لە خزمەتکاری سپی جیادەکردەوە، ئەوەیە ئەوان دەیانتوانی ڕابکەن و لەناو کۆمەلّی سپییەکان ونبن، بەلاّم بەهۆی ڕەنگی پێیستییان، ئەوە لە توانستی خزمەتکارە زنجییەکاندا نەبوو تاکو ئەنجامی بدەن.

کێشەیە نوێیەکەی تۆنی مۆریسۆن (ڕەگی ئەوانی دیکە) کە بەو دواییە وەرگێڕانە فەرەنسییەی لە خانەی (کریسیتیان بورغوا) دەڕچوو. شەش موحازەرەی گرتۆتە خۆ کە ساڵی 2016لە زانکۆی هارڤارد پێشکەشیکرد و لەناویشیاندا باسی لە بابەتی جۆراوجۆر کردووە کە تەواو پەیوەستە بە دۆزی ڕەگەزپەرستی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێوەندی نێوان سپی و ڕەش و ڕەنگی پێست و ئەو کۆچکردنەی بەکۆمەلّەی کە جیهانی نێستا بەخۆیەوە دەبینێ. تۆنی مۆریسۆن لەو کارەیدا پشتی بە بەلّگەنامەی میژوویی و گەواهی کەسانی سپی و ڕەش و بەرهەمی ڕۆمانnووسە گەورەکانی وەک فۆکنەر و هەمنگوا، بەستووە. هەروەها هەندێک بەشی تەرخانکردووە بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوە تایبەتییەکانی بۆ ئەو کارانەی خۆی کە لەناویاندا باسی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستەمە دەکات کە ڕەشپێستەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری بووە.

تۆنی مۆریسۆن ئەو موحازەرانەی لەو ماوەیە پێشکەشکرد کە تێیدا ڕەگەزپەرستی سپی پێست هەلّکشانێکی ترسناک و سامناکی بەخۆوەبینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕاستڕەوەکان بەسەرۆکانی ڕۆنالد ترامپ* توانییان بچنە ناو کۆشکی سپی تاکو دەستبەسەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەخۆی ئەمەریکیدا بگرن.

بەلاّم تۆنی مۆریسۆن ڕاستەوخۆ باسی بارودۆخەکانی ئێستای نەکردووە، بەلّکو هەندێک درکاندنی لە بواری جۆراوجۆری مێژووی ئەمەریکای هەلّبژاردووە، بۆ سەلماندن بە بەلّگەی تەواوەوە، ڕەگەزپەرستی سپی پێست گەر بۆ ماوەیەک گرژبوبێتەوە، کەچی هێندەی پێنەچوو گەڕاوە و شێوەی پێشوو یاخود شێوەی نوێی گرتۆتەبەر. بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەکەی تۆنی مۆریسۆن بە کێشەکانی دیکە دەگات کە پێشتر ڕەگەزپەرستی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێوەندی نێوان سپی و ڕەش و ڕەنگی پێست و ئەو کۆچکردنەی بەکۆمەلّەی کە جیهانی نێستا بەخۆیەوە دەبینێ. تۆنی مۆریسۆن لەو کارەیدا پشتی بە بەلّگەنامەی میژوویی و گەواهی کەسانی سپی و ڕەش و بەرهەمی ڕۆمانnووسە گەورەکانی وەک فۆکنەر و هەمنگوا، بەستووە. هەروەها هەندێک بەشی تەرخانکردووە بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوە تایبەتییەکانی بۆ ئەو کارانەی خۆی کە لەناویاندا باسی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستەمە دەکات کە ڕەشپێستەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری بووە.

تۆنی مۆریسۆن ئەو موحازەرانەی لەو ماوەیە پێشکەشکرد کە تێیدا ڕەگەزپەرستی سپی پێست هەلّکشانێکی ترسناک و سامناکی بەخۆوەبینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕاستڕەوەکان بەسەرۆکانی ڕۆنالد ترامپ* توانییان بچنە ناو کۆشکی سپی تاکو دەستبەسەر سیاسەتی دەرەوە و ناوەخۆی ئەمەریکیدا بگرن.

بەلاّم تۆنی مۆریسۆن ڕاستەوخۆ باسی بارودۆخەکانی ئێستای نەکردووە، بەلّکو هەندێک درکاندنی لە بواری جۆراوجۆری مێژووی ئەمەریکای هەلّبژاردووە، بۆ سەلماندن بە بەلّگەی تەواوەوە، ڕەگەزپەرستی سپی پێست گەر بۆ ماوەیەک گرژبوبێتەوە، کەچی هێندەی پێنەچوو گەڕاوە و شێوەی پێشوو یاخود شێوەی نوێی گرتۆتەبەر. بۆیە دەتوانین بڵێین کێشەکەی تۆنی مۆریسۆن بە کێشەکانی دیکە دەگات کە پێشتر ڕەگەزپەرستی لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێوەندی نێوان سپی و ڕەش و ڕەنگی پێست و ئەو کۆچکردنەی بەکۆمەلّەی کە جیهانی نێستا بەخۆیەوە دەبینێ. تۆنی مۆریسۆن لەو کارەیدا پشتی بە بەلّگەنامەی میژوویی و گەواهی کەسانی سپی و ڕەش و بەرهەمی ڕۆمانnووسە گەورەکانی وەک فۆکنەر و هەمنگوا، بەستووە. هەروەها هەندێک بەشی تەرخانکردووە بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوە تایبەتییەکانی بۆ ئەو کارانەی خۆی کە لەناویاندا باسی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستەمە دەکات کە ڕەشپێستەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووچاری بووە.

تۆنی مۆریسۆن دەڵێت لە ڕۆمانی Beloved‌پشتی بە چیرۆکێکی واقیعی بەستووە. پاڵەوانەکەی ژنێکی ڕەش پێستە ماگریت گارناری ناوە و لە بیست و پێنج ساڵەی تەمەنیدایە. بەشێوەیەکی دڕاندانە چوار منداڵەکەی کوشت تاکو بە گوتەی خۆی (ئەو ستەمانەی بەسەر خۆیدا زاڵبوون بەسەر ئەوانیش زاڵنەبن) و تاکو (گەورە سپی پێستەکان ئازاریان نەدەن وەک ئەوەی ئەویان ئازاردەدا). ئەو ئافرەتە تاوانەکەی بە ئارامی و بێگەردی عەقڵێکی عەجیب ئەنجامداوە. وەک ئەوەی کارێکی چاکی کردبێ. باوکیشی داینەمرکاندەوە، بەلّکو چاوەڕێی کارەکەی کرد، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات ئاماژەبێت بۆ ڕەزامەندی یان ناڕەزایی لەو کارەی. ئەوە نەبێ داوای لە خودا کرد (بەخێرایی کچەکەی بۆ جیهانەکەی دیکە ببات‌ەوە، تاکو شەڕەنگێزان لە ئەنجامدانی تاوان بوەستن).

سپی ڕەگەزپەرست:

لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕۆژانەی ژیانی خاوەن کێڵگەیەکیش کە (تۆنی سیستلوود)ی ناوە، تۆنی مۆریسۆن سەلماندوویەتی مرۆڤی ڕەگەزپەرست دەتوانێت هەوڵبدات مرۆڤایەتی خۆی، بە کرداری نا مرۆڤایەتی بسەلمێنی. ئەو پیاوە بۆ ڕازیکردنی شەهوەت و سەرسامییە سێکسیەکەی، ڕۆژانە هەلّدەستا بە دەستدرێژیکردنە سەر ژنە خزمەتکار و ژنە کرێکارەکانی ناو گێڵگەکەی. ناوبراو ئەو جۆرە کردەوانەی لە کارەکانی ڕۆژانەی وەک کێڵان و چاندن و بڕینەوەی مەڕ و مالاّت و پێشوازیکردن لە میوانەکان و ... جیانەدەکردەوە. ئەو ژنە خزمەتکار و کرێکارەکانی ئەتک دەکرد و لە ناخیشیدا دەیوت : "من دڕندە نیم! من دڕندە نیم! بەلّکو من ئەو ژنانە ئازار دەدەم کە هیچ هۆکارێکیان نییە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و خۆشم دڵنیا دەکەم لەوەی کە لاوازنیم!".

تۆنی سیستلوود وەهای دەدانا، پرۆسەی دەستدرێژیکردن (مافێکی ڕەوایە). بەو پێوەندەنگەی ئەو (کەسێکە) لە ڕووی عەقڵ لە سەرەوەیە و خاوەن ڕەوشت و بەهرەیەکە، قوربانییەکان نییانە. (گەورە سپی پێستەکان) لە ئازاردانی خزمەتکارە ڕەش پێستەکان چێژیان دەبینی. لە ڕێگەی ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری قورسی لە توانەبەدەر، بەلّکو لە هەندێک کاتیشدا گیان دەرهێنەر. لەوانە بۆ نمونە ژنێکی ڕەشپێست دەگێڕێتەوە بەشی زۆری ڕۆژەکانی لە کانێکی خوێ بەسەر دەبرد کە قاچەکانی تا ئەژنۆ لەناو ئاو دابوو. لە کۆتایی کارەکەشیدا کە قاچەکانی دەردەهێنا، ئاوسابوون، بە جۆرێک نەتوانێ بە شێوەی ئاسایی بیانجوڵێنێ. وەهاش وەسفی ڕۆیشتنی لە خاوەنێک بۆ یەکێکی دیکە دەکرد (وەک ئەوەی لە قەسابێک بۆ لای قەسابێکی دیکە بچێت کە لەوەی پێشوی سەخت تر و دڵڕەقتر و شەڕانگیزتربێت!)

سەرسامبوون بە ڕەنگ:

لەو ڕاپۆرتانەی کە ئامادەکراون، زانیان و پزیشکانی سپی پێست بۆ پاساوی ڕەگەزپەرستییەکەیان، هەوڵیانداوە بێ نرخی ڕەش پێستەکان بەدیاربخەن. لە ڕاپۆرتەکەشیدا لە بارەی نەخۆشیەکان و تایبەتمەندییە فیزیکیەکانی ڕەگەزی ڕەش پێست، سامۆیل کارترایتی پزیشک، بە تاسەوە بەرگری لە بەکۆیلاکردن دەکات، بەوەی کەوا ڕێسای گشتی، بەهەلاّوێردی هەندێک بارودۆخ نەبێ سەلماندوویەتی، ڕەشەکان ناتوانن چێژەرگرن لە بەهرەکان و ئەو سامانەی کە سەرپشکییان دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری ئەخلاقی و سوودوەرگرتن لە پەروەردەکردنی ئایینی یاخود هی دیکە، تەنیا ئەگەر ملکەچی دەسەلاّتی پیاوی سپی نەبن. ئەگەر ملکەچی ئەو جۆرە دەسەلاّتەش نەبن، ئەوە ژیانیان بە تەمبەلّی و کپی و جۆرێک لە نووستوویی بەسەر دەبەن، وەک ئەوەی لە هۆش خۆیان چوبن. نەک هەر ئەوەندە بەلّکو ئەو خوێنە ڕەشەی لە خوێنبەرەکانیشیان دێت و دەچێت، زۆر جار هانیاندەدات بۆ ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژی و هەمەجییەت و نەزانی و ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە بۆ لکاندن بە شارستانی و شاری بوون، کێشیان دەکات.

لە موحازەرەیەک بە ناونیشانی (سەرسامبوون بە ڕەنگ)، تۆنی مۆریسۆن ئاماژەی بە ڕوخسار و تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزپەرستی سپی پێست لە ئەدەبدا داوە. بۆ نمونە لە چیرۆکێکی خانم نووسەر فلانیری ئۆکۆنۆر بەناونیشانی (زنجییە دروستکراوەکە- {نارەسەنەکە}) پیاوێکی سپی پێست کە ناوی مستەر هیدە لە سەرەتاوە هەوڵدەدات ئەوەکەی فێربکات کە چۆن جیاوازی لە نێوان پیاوی سپی و پیاوی ڕەش هەیە. پێشی دەڵێت : "ئەوەی دوایی بەواتای تەواوی وشە مرۆڤ نییە. بەلّکو لە ئاستێکی وەهایە کە نزیکبێت لە ئاستی ئاژەلّ". لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی ویلیەم فۆکنەریش، ئەو دڵڕپە خوێنەی کە پیاوی سپی پێست هەلّیگرتووە دەگۆڕێت بۆ (نەفرەت) و بە دریژایی ژیانی بەدواوەیەتی، هەروەها دەبێت بە گرێ و لەلایدا ئارەزووی تووندوتیژی و خراپە و تاوان، دەوروژێنێ.

لای هەمنگواش لەوانەیە ڕەنگی ڕەش بەردەوامبوون بێت بۆ غەریزەی سێکسی و هاندەر بۆ ئارەزووکردن و ئیرۆسی. بۆ نمونە لە چیرۆکی (باغچەی عەدەن) دا کۆڕ و کچێکی لاو مانگی هەنگوینییان لە کەنارەکانی ئازۆردی فەرەنسا بەسەردەبەن. بە دریژایی کاتەکەش سێکس دەکەن، بە جۆرێک کە هاوشێوەی نەبێ. لە دەیالۆگی نێوانیشیان کچەکە داوا لە کوڕەکە دەکات بچێتە کەنار لە باشوور، تاکو زیاتر ڕەشبێت، چونکە ڕەنگی ڕەش دەیوروژێنێ و وەهای لێدەکات ئارەزووی خۆشەویستی و سێکسی زیاتر بێت.

*** ڕاستییەکەی دۆنالد ترامپ (وەرگێڕ)**

سەرچاوە: https://alarab.co.uk



www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/5/16 ژمارە (5751)

بەهای روخسار

لە دراماو سینەمادا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

بەرهەمهێنەرە جیهانییەکانی بواری دراماو سینەما بایەخێکی تایبەتی دەدەن بە روخساری ئەکتەر و بە توخمێک لە توخمەکانی خەسڵەتەکانی ئەکتەری دادەنێن، لەوانەش کۆمپانیاکانی هۆلیود و کۆریی و ئوسترالی و ئەرجەنتینی و چەندین وڵاتی دیکە، کە بۆیان دەرکەوتووە روخساری سرنج راکێش ڕەنگدانەوەی ئەرێنیانەی خۆی هەیە بەسەر بڕی تەماشاکاران و گەرم و گوڕی پەنجەرەی هۆڵی سینەماکان و شاشەی تەلەفزیۆنەکان، چونکە کامێرا دەسەلاتێکی سیحراوی هەیە لە بەرجەستە بوون و دەرخستنی شێوە، کە زۆر جاران هەندێ جۆری بینەر دەکەوێتە ژێرکاریگەری شێوەو و هەست دەکات کەپێوبستیان بە تێڕامان و هەڵمژینی جوانیی شێوە هەیە، بە ڕاددەیەک زۆر جاران ئەو روخسارو شێوانە کاریگەرییەکانیان ئەوەندە قووڵە بەسەر بینەردا، بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکات فریو دەدرێت.

بۆیە هەستە جیا جیاکانی ئەوەندە بە ناخ شێوەدا ڕوو دەچن، کەمتر بوار بۆ ناوەڕۆک و ئەقڵ بە جێ دێڵن کە بەرەو شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی لۆژیکی پێهکهاتە درامیەکان و ڕووداوەکان قوڵ ببنەوە، ئەوانەی هەموو پشت بەستنێکیان بە شێوەو روخسارە لە کارە درامییەکاندا هەموو ئەو فاکتەرە جۆراو جۆرانە بەکار دەهێنن کە بینەری پێ چەواشە دەکرێ ، بە تایبەت بینەری گەنج و بینەری خێزان کە زۆرێک لەوان لە دەرەنجامی بۆشاییەکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەردەوام دەبن لە بەسەرکردنەوەی هەندێ لەو زنجیرە دوورو درێژانە کە زۆربەیان لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە و بڕیتین لە تەنها موغازەلات و نیشاندانی شێوەی هەڵخەڵەتێنەری ئەوتۆ کە زۆرێک لە بینەران خەیاڵی خۆیانیان لە سەر بونیات دەنێن .

زۆر ئەکتەر هەن، جوانییەکانیان بونەتە فاکتەر بۆ ئەوەی پەلکێشی دنیای سینەماو دراما بکرێن و لە ماوەیەکی کورتدا بێن بە ئەستێرە،بێ ئەوەی ئەوان ڕۆژێ لە ڕۆژان لە خەونیشا بڕوایان بەوە هەبووبێ کە دەبن بەو ناوە ڕەونەقدارانەی بواری سینەماو دراما ، ئەوەتا سەرچاوەی هەرە بە پێزی دراما تورکییەکان ڕووخسارە کە لای ئەوان لە سەرووی هەموو پێکهاتەکانی دیکەی دراما هەژمار دەکرێت، هەموو پێکهاتەکان بە تێکڕایی (گەوهەری کۆشکی)ی کۆرییەکان گەورەو پیرۆزی بکەن، دەکرێت پرسی خۆشەویستی بکرێتە بنەڕەت،بەڵام بەو ئاراستەیەی کە خۆشەویستی تێیدا جوانترو پیرۆزتر بێت لە مانا پیرۆزەکەی خۆی، خەڵکی لە پەنای ئەو جۆرە خۆشەویستیە پڕ لە گوزارشتانە، هەست بە گەورەیی مرۆڤ بکات، نەک خۆشەویستی بکرێتە کەرەستەیەکی بازرگانی و دەرهاوێشتەیەکی ژەهراوی کۆمەڵگایێکی فاسید ی شیرازە پچڕاو .. لە زنجیرە درامای (گەوهەری کۆشک) و(سۆناتای زستان) کە دوو زنجیرە دراماى کۆرین و بەشێکی زۆر لە کیشوەرەکانی جیهانیان هەژاندووە و لە گەڵ هەموو کۆمەڵگاییێکدا دەگونجێن تیایاندا بایەخێکی زۆر بە روخسار دراوە، بەڵام ئەو روخسارە بۆ کۆمەڵێ چمکی مرۆیی پیرۆز بەرجەستە کراوە، بۆیە روخسارەکانیان جوانتر کردووە لە خۆی .

ئێمە لە سینەماو دراماى کوردی نوێ دا ئاڕەزووی ئەوەمان هەبووە کە روخسارى جوان بەرجەستە بکەین،بەڵام لە سنووریکی دیارى کراودا ماوینەتەوە،هەر بۆ نمونە ڕەنگە روخسار لە زنجیرە دراماى (مەمی ئالان) ى ناسر حەسەن، کۆڵەگەیەک بووبن بۆ نەڕوخانى زنجیرەکە،ئەگەر روخسارو وێنە گرتن نەبوونایە خوا بزانێ زنجیرەکە بە کام هەڵدێردا دەکەوت،لە زنجیرە دراماى (گەردەلوول) جەلیل زەنگەنە زۆر بە وردبینى و هەستیارییەوە هەڵسوو کەوت لەگەڵ هەندێ روخساردا دەکات، لەوانەش پاڵەوانانى زنجیرەکە ، بۆیە لایەنێکى زنجیرەکەى لە دەست پووکانەوە ڕزگار کرد، جەلیل زەنگەنە دروست کەرى کەسایەتى و روخسارێکى وەک وەنەوشە و باران بوو، کە ناودارییەکى زۆرى بۆ پەیدا کردن و خەڵکى دووچارى بە دوا دا گەڕانیان بوون، بەڵام مەرج نیە ئەو روخسارانە وەک خۆیان بمێننەوە، زۆر جوینەوەو دووبارە کردنەوەیان لە بەرهەمى بازرگانى کرچو کاڵدا دەبێتە هۆى سوانى روخسارو لە دەست دانى پەرۆشى بینین بۆ ئەو روخسارانە، بۆیە زۆر لە ئەکتەرە جیهانییەکان هەوڵى پاراستنى هاوسەنگى دەدەن لە خۆ نیشاندان و دەرکەوتن، هەر بۆ نمونە ئایا پەرۆشى بینەر بۆ روخسارى (وەنەوشە) دواى پێشکەش کردنى بەرنامەو دەرکەوتنى هەفتانەى،بەو شێوازە لاوازە وەک پەرۆشى جارانى بینەرە دواى نمایش کردنى گەردەلوول؟

ناوازەیى زۆر لە روخسارە درامیە کان، بەتایبەت ئەوانەى ناتوانن کاریگەرییەک لە هزرى بینەردا بە جێ بێڵن، روخسارى کاتین کە بۆ ماوەیەک لە هەستى بینەردا دەمێننەوە پاشان لە گەڵ تێپەڕبوونى زەمەن زۆر بە ئاسانى کاڵ دەبنەوە،چونکە دواى ئەوەى کاریگەرییە لەسەر هەڵنیشتووەکانى سەر هەست و سۆزى بینەر نامێنن، وێنەکانیش لە خەیاڵدا کاڵ دەبنەوەو لە بار دەچن، هەندێ لە دەرهێنەرە درامیەکانى ئێمە بە دەست گرفت و قەیرانى روخسارەوە دەناڵێنن، ناچارى ئەوە دەبن کە روخسارە سواوەکان وەک بنێشتە خۆشە لەهەموو بەرهەمێکا دووبارە بکەنەوە،خەڵک ئەوەندە لە دەست ئەو روخسارانە بێزار بووە بەرهەمەکان لەهەر چ ئاستێک دابن بینەر قەبوڵیان ناکات و نایەوێت جارێکى دیکە بیانبێنێتەوە، بەتایبەت ئەو دراما یانەى لە سنووری شارى هەولێر تۆمار دەکرێن، کەچى لە هەندێ شوێنى دیکەدا دەرهێنەرەکان لەبەر ئەوەى کێشەى روخساریان نیە، زێدە ڕۆیى لە روخسارى ئافرەتدا دەکەن .

هەندێ لەو روخسارانە شوێنى خۆیان بۆ پڕکردنەوەى کەسایەتیەکانیان وەک پێویست پڕ کردۆتەوە و توانییوویانە وێنەى داهێنەرانەى جوان لە هزرو خەیاڵى بینەردا دروست بکەن، بەڵام هەندێکى دیکە توانای گوزارشت کردن و داهێنانیان نیە، بۆیە تەنها وەک وێنەیەکى مۆمیا کراو دەبیندرێن کە ناتوانن هیچ خرپەو سروشتێک بە بینەر ببەخشن، بۆیە روخسار تەنها لە پێناو روخساردا زۆر جاران پارچەیەک لە جەستەى دراما ئیفلیج دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو زۆرى و بۆریە لە روخساردا زۆر جاران تیشک لەپاڵەوانى سەرەکى دراماش دەدزێ و واى لێ دەکات ، دیقەتى بینەر بکەوێتە سەر چەند خاڵێک و پەرت و بڵاویان دەکاتەوە، بەمەش لە کەسایەتى پاڵەوانى سەرەکى لاواز دەکەن، بێ ئەوەى ئەو تیشک وەرگرتنە لە پاڵەوانى سەرەکى خزمەت بە کەسایەتیەکانى دیکە بکات، کەواتە نەبوونى ڕێ وشوێن بۆ روخسارە بە زۆر زێدە کراوەکان لەرووى هاوکێشەى هونەرییەوە ، وەک کەموکوڕى و بۆشایى نەبوونى روخسارە وایە لە دراما دا .

سێرکاسی نووسەری ئیسپانی

ڕۆمانەکانی بۆ کەسایەتییە ڕاستەقینەکان تەرخان دەکات





نووسینی: حەسونە موسباحی وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

جەنگ ڕوخساری خۆی هەیە، پێویستە ئاشکرابکرێت تا ئەو کاتەی جەنەراڵ فرانکۆ لە ساڵی 1976 مرد، ئەو ڕۆمانانەی کەسانی بیانی نووسیبوویان، سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ تێگەیشتن لە تراژیدیای ئەو جەنگە ناوخۆییەی کە نیمچە دوورگەی ئیبریا لە ساڵی 1936تا ساڵی 1939بە خۆیەوە بینی. لەناو ئەو ڕۆمانانە دەکرێت ئاماژە بە (هیوا)ی ئەندرێ مالرۆی فەرەنسی و (گۆڕستانە گەورەکانی ژێر مانگ)ی جۆرج بارنانوسی فەرەنسی و (زەنگ بۆ کێ لێدەدەرێ) ی ئارنست هەمنگوای بکەین. هەروەها پێویستە ئەو گەواهییە کاریگەرەش لە بیرنەکەین کە جۆرج ئۆرۆێل بە ناونیشانی (سلاو بۆ کەتالۆنیا) نووسی. بەڵام نووسەرانی ئیسپانی لە نووسین سەبارەت بەو قۆناغە ورده، دواکەوتن.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە بەرەو سەر، ڕۆمانووسانی ئیسپانی، لە بواری جۆراوجۆرەکانەوە لە دەرگەی ئەو جەنگە ناوخۆییەیان دا کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ئیسپانیا هەڵگیرسا. ڕاز و نهێنیەکانیان ئاشکراکرد و ئابڕۆی خەوش و کارەساتەکانیشیان برد. دەکرێت (خافێر سێرکاس)ی لە دایکبووی ساڵی 1962 بەیەک لە ڕۆمانووسە ئیسپانییە گرنگەکانی ئێستا دابنێین، ئەوانەی بە قوڵی باسیان لە جەنگە ناوخۆییەکە کردووە. ڕۆمانەکانیشی بۆ زیاتر لە بیست زمان وەرگێڕدراون و خەڵاتی بەرزی ئەدەبیشیان بەدەستهێناوە، ناوبراو بۆتە مایەی سەرسامی نووسەرانی وەک ماریۆ ڤارگاس یوسا و کویتزی، کە ئەوانە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵن. ئەوەی خافێر سێرکاس جیادەکاتەوە ئەوەیە، لە زۆربەی ڕۆمانەکانی کە تا ئێستا بڵاویکردونەتەوە ئەو کەسایەتییانەی هەڵێژاردوون، کەسایەتی ڕاستەقینەن. بۆ ئەو مەبەستەش بەر لە نووسین، ماوەیەکی درێژ لەناو دۆسیەکان گەڕا، پرسیاری لە کەسانێکی زۆریش کرد. ئەوەشی لە یەکەم ڕۆمان بەناوی (سەربازانی سلامیس) کرد کە ساڵی 2001 بڵاویکردەوە. ئەو ڕۆمانە کە یەک لە دەرهێنەرەکان کردی بە فیلم و بووە مایەی ئاشقانی سینەما لە سەرتاسەری جیهان، سێرکاسی بە جیهان ناساند.

ڕۆمانی سەربازانی سلامیس کە تاکە ڕۆمانیەتی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرابێ، پاڵەوانەکەی ڕافائیێل سانشێز مازاسە نووسەرێکی ڕاستڕۆی سەر بە جەنەراڵ فرانکۆ بوو. لە سەرەتای جەنگە ناوخۆییەکە کەتائیبی سەربازی دامەزراند، کە ئەوەش ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە شکستپێهێنانی سەخت بەسەر هێزە کۆماریخواز و چەپڕۆیەکان. هەروەها ناوبراو لە خۆزیە ئەنتوان ریڤێرا نزیک بوو ، ئەو کەسەی جەنەراڵ فرانکۆ وەک وەزیری یەکەم لە یەکەم حکومەتی ڕاستڕۆیی دەستنیشانیکرد.

لە کاتی جەنگە ناوخۆییەکە کۆماریخوازەکان ڕافائیێل سانشێز مازاسیان دەستگیرکرد، خەریک بوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی گوللەبارانی بکەن، بەڵام توانی ڕابکات. لەکاتی ڕاوەدونانیشی، سەربازێکی کۆماری بینی خۆی شاردۆتەوە، بەڵام چاوپۆشیی لێکرد و حەزی نەکرد شوێنەکەی ئاشکرا بکات. بەمجۆرە لە مردن ڕزگاری بوو.

ماریۆ ڤارگاس یوسا ئاماژەی بە ڕۆمانی (سەربازانی سلامیس) داوە و بە گەواهیدەر لە سەر ئەو ئەدەبە ڕاستەقینەیەی داناوە کە پرسە گەورەکان دەخاتەڕوو. ئەو ئەدەبەی کە هێشا زیندووە، لەو سەردەمەی کە کاری ئەدەبی ڕووکەش باڵی بەسەردا گرتووە، ئەوانەی ئارەزووی ئەو جۆرە کەسانە بەدەدیدەهێنن کە دەیانەوێت ئامانج لە خوێندنەوە تەنیا کات بەسەربردن بێت.

لە ڕۆمانێکی دیکەی بەناوی (تەڵەکەباز)، خافێر سێرکاس باس لە نهێنییەکانی ژیانی ئانیرکۆ مارکۆ دەکات، ئەو کەسەی لە قۆناغی دوای فرانکۆ، بە دژایەتیکردنە ڕەهاکەی بۆ ڕژێمی فرانکۆ، ناوی دەرکردبوو و ئازایەتیەکانی ناو تێکۆشانەکانی دژ بە ڕژێمی فاشیەتیشی، بۆ خۆی دەگەڕاندەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی کە خۆی پێشکەشی دەکرد، هەروەها لەو وتارانەش کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاویدەکردنەوە (کە جەماوەری زۆریان هەبوو) باسی لەوە کردبوو، ساڵانێکی لە ئۆردووگا سەربازییەکانی نازیەکان بەسەربردوو، بەڵام هێندەی پێنەچوو لێکۆڵینەوەکان بەدیاریان خست ناوبراو سیخوری ڕژێمەکەی فرانکۆ بوو.

لە ڕۆمانە نوێیەکەشی (پادشای سێبەر) کە بەو دواییە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی لە خانەی (ئاکت سود) دەرچوو، خافێر سێرکاس گەڕاوەتەوە بۆ ژیانی یەک لە ئەندامانی خێزانەکەی کە مانۆیل مونای ناوە. لەسەرەتادا تەنیا وێنەیەکی ئەوی لایە کە بە جلی سەربازیيە و کەسێکی ڕێک و قۆز دیارە و لە ڕووخسارێشیدا بێگەردی لاوی دەبینرێ. دواتر لە ئەندامانی خێزانەکەی و ئەو بەسالاچوانەی کە ماوەی جەنگە ناوخۆییەکەیان دیبوو، دەکەوێتە پرسیارکردن.

دواتر وردە وردە ژیانی مانۆیل مینای بۆ دەردەکەوێت: لە 17 ساڵی تەمەنی کاتێک بە (بریمو دو ریڤیرا)ی فاشی کاریگەر دەبێ، ئەوەی کە بەڵێنی (ڕۆژی نوێێ بۆ ئیسپانیا) دابوو، بەبێ دوو دڵی پێوەندی بە کەتیبەکانی سەر بە جەنەراڵ فرانکۆ دەکات، تاکو لە ریزەکانیدا بجەنگێ. ئینجا ئازایەتی بێوێنە دەنوێنێ، بەو بڕوایەی مردن لە پێناو نیشتیمان ئەرکێکە دەبێت بەوپەڕی تەواوی و چاکی بەجێبگەیەنرێ.

مانۆیل مینا نەیدەزانی نە بەرگری لە نیشتیمان دەکات، نە لە بەرژەوەندی چینە هەژارەکەی، بەڵکو بەرگری لە بیروبۆچوونی فاشیەکان دەکرد کە فرانکۆ لە دەروونی هاوادارەکانی ڕواندبووی و ئەوانیش ئامادەبوون بۆ مردن لە پێناویدا. لە جەنگێک کە لە (ئابر) ڕوویدا ڕۆژی 21ی سێپتەمبەری ساڵی 1938 مانۆیل کوژرا، کە ئەوسا نۆزدە ساڵان بوو.


لە ڕۆمانی ناوبراودا خافێر سێرکاس دۆزی گرنگی خستۆتەڕوو، لەوانە دۆزی نیشتیمان و دەڵێت : "خستنەڕووی ئەو دۆزە، کارێکی هەڕەمەکی نییە، چونکە شۆڤینیەت گەڕاوەتەوە تاکو لە نوێوە ئەوروپا لە پەل و پۆ بخات و سزای قورسی بۆ تەرخانکردووە".

لە ڕۆمانەکەدا یەکێکیان دەڵێت : "نیشتیمان ئەو شوێنەیە کە یەکەم ماچی تێدا دەستدەکەوێت". بەڵام سێرکاس لەو بڕوایەیە چەمکی خۆی بۆ نیشتیمان پێچەوانەی هەموو چەمکە ناسراوەکانە. لەوانەیە نزیک بێت لە چەمکی سێرڤانتس کە ئەو نیشتیمانی بە گوندێک یان گەڕەکێک یان شارێکی بچووک و شوێنێک دادەنا کە مرۆڤ شوێنەوار و یادگاری تێدا جێبهێڵێ، بۆیە دەتوانین باس لە نیشتیمانەکان بکەین، نەک یەک نیشتیمان.

خافێر سێرکاس وەها دەبینێ گەڕانەوەی بۆ کەسایەتییە ڕاستەقینەکان نەفەسێکی داستانیانەی بۆ نووسینی ڕۆمان پێبەخشیوە، بە جۆرێک کە واقیع ببێت بە هێنانەپێشچاو. دواتر لە هەموو شوێنێکی جیهاندا میژوو بە ماسکی جۆراوجۆر خۆی دووبارە دەکاتەوە. ئەو وەها دانانی جەنگە ناوخۆییەکە لە ڕابردوودا بووە، بەڵکو لە ئێستاشدایە، چونکە ئێمە ناتوانین لە ڕەهەندەکانی ئەو ئێستایە بگەین، تەنیا بەگەڕانەوە نەبێ بۆ ڕابردوو، چونکە دەیالۆگی نێوانیان هەردەم و تاهەتایە بەردەوامە.

سەرچاوە:
alarab.co.uk

هۆزان گۆڵپارێزی یانەی دەروازە: خوازیارم لەداهاتوودا ببم بەڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو تاخزمەتی وەرزشی ئافرەتان بکەم



دیانە : سەرهەنگ نەجمەدین

لەکوردستان وەرزشی ئافرەتان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشێوەیەکی فراوان پەرە دەسەنێت و هەنگاوی جدی بەرەو پێشڤەچوونی وەرزش دەهاوێژێت،خاتوو هۆزان بازید حاجی یەکێکە لەیاریزانە هەرە دیاریەکانی یانەی دەروازە، ئەو یاریزانە بەلێهاتوویی چەندین یاری جۆراو جۆری وەرزشی بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدات و لەهەموو یارییەکاندا ئاستێکی بەرز نیشان دەدات بەبێ ئەوەی هەست بەماندووبوون و بێ تاقەتی بکات، ناوبراو لەناخەوە خۆشەویستیەکی زۆری بۆ دونیای وەرزش هەیە، بۆیە هەمیشە لەکاتی وەرزشکردندا زۆر جددیانە یاری دەکات، جا بۆ ئەم مەبەستە دیانەیەکی وەرزشیمان لەگەڵ خاتوو هۆزان بازید حاجی سازدا و ناوبراو لەبارەی دەستپێکی وەرزشی خۆی بەوشێوەیە بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لەساڵی 2007دا پەیوەندیم بەیانەی حاجیاوە کرد و پاشان ناوی یانەیە گۆردرا بوو بەیانەی دەروازە، بێگومان هەر لەگەڵ ئەو یانەیە بەشداری چەندین یاری وەرزشیم کردووە لەوانە یاری تۆپی بالە ، گۆڕەپان ومەیدان، فوتساڵ ،بەرزکردنەوەی قورسایی، هەروەها بەشداریم لە چەندین یاری دیکەیش لەسەر ئاستی قوتابخانەکان کردووەو لەهەر هەمووان خۆشبەختانە سەرکەوتووبووم.

هۆزان زیاتر گوتی: لەیاریەکانی گۆڕەپان ومەیدان و بەرزکردنەوەی قورسایی سوپاس بۆخودا پلەکانی یەکەم و دووەم وسێیەمم لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان بەدەستهێناوە ,هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەم لەدوا ڕۆژدا زۆرترین دەستکەوتی وەرزشی لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان بۆخۆم دەستەبەر بکەم.


سەبارەت بەگرفت و کێشەکانیان لەیانەکەدا خاتوو هۆزان بۆ ئەم پرسەیش گوتی : ئەگەر کار بەمشێوەیە بروات و هیچ مووچەیەک و هاوکارییەک بۆیانە و یاریزانان دابین نەکرێت، بێگومان وەرزش لەکوردستان بەڕەو سستی ولاوازی هەنگاودەنێت. هیواو ئاواتم ئەوەیە لەماوەیەکی نزیکدا بەبم بەڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو تاخزمەتی بواری وەرزشی ئافرەتان بکەم، هەروەها خوازیارم هەموو چین وتوێژەکان بەتایبەت لەگەنجان و لەبەتەمەنەکان بەردەوام وەرزش بکەن و لەوەرزشکردن نەپچڕێن.

لەبارەی هاتنی ئافرەتان بۆ نێو بواری وەرزش لەشاری کەرکوک زۆر بەکەمی ڕوو لەوەرزش کردن دەکەن، ئەمەشیان بەکارێکی باش نازانم چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕێژەی ئافرەتانی نێو بواری وەرزش لەشارەکەدا ڕوو لەکەمبوونەوە دەکات.

دوا جار ئەم کچە وەرزشوانە لەبارەی هیوا وئاواتی خۆی گوتی: تاکە هیوام ئەوەیە لەریزی هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم و لەڕێگەی ئەم هەڵبژاردەیەوە یاری لەئۆڵۆمپیاتی جیهانی بکەم کەچوار ساڵ جارێک ئەنجام دەدرێت، لەهەمان کاتدا چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم کە بەئاڵای کوردستان و بەهەڵبژاردەیەکی کچانی کوردستان بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکانی دەرەوەی وڵات بکەین.



ڕۆبین دوو دڵە لە بڕیاری کۆتایی



ئاریبەن ڕۆبینی هۆڵەندی دوو دڵەوە لە چارەنووسی خۆی کاتێک وادەی ڕێشتنی لە یانەی بایرن میونشن دێت و دان بەوەدا دەنێت کە پێی باشە بەیەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت.

ڕۆبنی تەمەن 35ساڵ دوای 10ساڵ یاریکردن بۆ باڤاری، ڕایدەگەیەنێت کە تا ئێستا نازانێت چ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی خۆیدا بدات، بەهۆی پێکانەکەمەوە دواکەوتم لەبڕیاری کۆتایی خۆم، سەرەتا پیم وابوو کە دەگەڕێمەوە یاریکردن، ئێستاش بیر لە وازهێنان دەکەمەوە، دوو دڵم لەبڕیاری کۆتایی، بێگومان بڕیارێکی ئاسان نییە، ئەوەی بیری لێدەکەمەوە بڕیارێک بدەم کە لە بەرژەوەندی حێزانەکەمدا بێت.

سۆن: چارەنووسمان بەدەستی خۆمانە



سۆن هیونگ مین، هێرشبەری یانەی تۆتنهام هۆتسپێرزی ئینگلیزی وتی، دۆڕان لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرامبەر لیڤەرپوول، بە سوێ دەبێت، بۆیە هەوڵ دەدەن ئەو شتە ڕوو نەدات. سۆن ڕازی نەبوو گرەو لەسەر ئەنجامی یاری کۆتایی بکات، کە ڕۆژی یەکی حوزەیرانی داهاتوو، بەرامبەر ڕکابەرێک بەڕێوەدەچێت، کە لە پرێمێر لیگ دوو جاری لێ بردووەتەوە، بەڵام وتی، دەبێت تیپەکەی بە باشی کار بکات، بۆ ئەوەی بەسەر لیڤەرپوول سەرکەوێت، کە زۆر نزیک بوو نازناوی پرێمێرلیگ بەدەست بهێنێت. سۆن وتی:"ئامەوێت گرەو لەسەر بردنەوە یان دۆڕان بکەم، هێشتا کاتێکی زۆرمان لە پێش ماوە، خۆمان بۆ ئەو یارییە گرنگە ئامادە بکەین". هەروەها وتی:"بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنس لیگ، مانایەکی زۆری بۆ ئێمە دەبێت، بەڵام دۆڕان بۆ ماوەیەکی زۆر بە سوێ دەبێت، دەمانەوێت بە باشی خۆمان ئامادە بکەین، ئێنجا چاوەڕێ دەکەین، بزانین چی ڕوو دەدات، لیڤەرپوول تیپێکی زۆر بەهێزە، شتەکەش لەسەر ئەو شێوازە دەوستێت، کە یاری پێ دەکەین". ئەمەو سۆنی تەمەن 26ساڵان، متمانەی بەو پشووە هەیە، کە تیپەکەی بۆ ماوەی سێ هەفتە وەری دەگرێت، چونکە ئەو ماوەیە یاریزانەکان بۆ باشترین ئاستیان دەگەڕێنێتەوە. شیاوی باسکردنە، دوای یەکسانبوونی لە دوایین یاری نایابی گرت، دوای یەکسانبوونی لە دوایین یاری بەرامبەر ئیڤرتۆن، بە ئەنجامی 2-2گۆڵ، بەم ئەنجامەش ساڵی داهاتووش بەشداریی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا دەکات. هەرچەندە سۆن لەم وەرزەدا، 18گۆڵی لەگەڵ تۆتنهام تۆمارکرد، بەڵام لە دوایین 5یاری تیپەکەی، هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکرد. سۆن وتی:"وابزانم هەموو پێویستیان بە پشووە، دەمانەوێت تەواوی توانای جەستەییمان بەدەست بێنینەوە". وتیشی:"شتێکی نایابە لە یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگ ئامادە بین، بۆیە دەمەوێت خۆم ئامادە بکەم و چێژ لە هەموو ساتەکان وەرگرم". دوا شت وتی:"دوای نزیکەی سێ هەفتەی دیکە، یاری کۆتایی خولەکە ئەنجام دەدەین، چارەنووسمان بەدەستی خۆمانە، هیوادارم لە ئاستێکی باشدا بم".

ڕەمزی میرەکانی

www.xebat.net
خەبات پێنج شەممە 2019/5/16 ژمارە (5751)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com



گریزمان بڕیاری ڕۆیشتنی لە ئەتلەتیکۆ مەدرید دا

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو، لەسەر ئەژماری فەرمی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند، هێرشبەری فەرەنسی یانەکە، ئەنتوان گریزمان، نیازی ڕۆیشتنی خۆی لە هاوینی داهاتوو بە یانەکە ڕاگەیاندووە. ڕۆژنامەی سپۆرتیش، وردەکاری ئەو کۆبوونەوەیەی ئاشکرا کردووە، کە گریزمان، لەگەڵ میگێل ئەنخێل جیل مارین، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەتلەتیکۆ، دییگۆ سیمیۆنی، ڕاهێنەری یانەکە و ئەندریا بیرتا، بەڕێوەبەری وەرزشی ئەنجامی داوە، تاکو بڕیاری کۆتایی ڕۆیشتنی خۆی پێیان ڕابگەیێنێت. ڕۆژنامە ئاماژەی بەوە کردووە، گریزمان، بە بەرپرسانی ئەتلەتیکۆی ڕاگەیاندووە، ئەو لە مێرکاتۆی هاوینەدا دەڕوات، بێ ئەوەی ئەو یانەیە دیاری بکات، کە دەچێتە ریزەکانییەوە. ئەمەو گریزمان پەنا بۆ بڕگەی مەرجی سزایی، لە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەتلەتیکۆدا دەبات، کە لە هاوینی داهاتوودا، لە 200ملیۆن یۆرۆوە بۆ 120ملیۆن دادەبەزێت. ڕۆژنامەکە پێشبینی دەکات، ئەنتوان گریزمان، بچێتە ریزەکانی یانەی بەرشلۆنە، نەخاسمە ئەو لەوەتەی وەرزی ڕابردووەوە، لە چوارچێوەی بایەخەکانی یانەی کەتەلۆنیایە.

ڕەمزی میرەکانی

ئەگوێرۆ

لەبارەی مێسی لەقسەکانی پەشیمان بووە

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لێدوانێکی سێرجیۆ ئەگوێرۆی هێرشبەری مان سیتی بڵاوکردەوە کە گوتبووی پێویستە تۆپی زێرینی ئەمساڵ بدرێت بەیەک لەو یاریزانانەی کە تیپەکەی گەیشتۆتە کۆتایی چامپیۆنزلیگ.

ئەم لێدوانەی ئەگوێرۆ والێکدرایەوە کە مەبەستی ئەوەبووە مێسی شایستەی ئەو نازناوە نییە، بۆیە ئەگوێرۆ هاتە دەنگ و لە توێتێکی خۆیدا ڕایگەیاند: نامەوێ ڕوونکردنەوە بۆ قسەیەک بکەم کە من نەمکردووە، بەڵام ناچاریان کردم ئەمجارە بێمە دەنگ، ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە تا مێسی لەناو یاریگادابێت ئەوا بێگومان ئەو شایستەی ئەو نازناوەیە، بەتایبەتیش لەوەرزی ئەمساڵدا، ئەو پرسیارەی منیش کردوومە ئەوەیە کە گوتومە ئەگەر پێشنیاری من بکەن کێ شایستەی ئەم نازناوەیە پێیان دەڵێم پێویستە ئەو یاریزانە بێت کە تیپەکەی گەیشتۆتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، پێویستە سوکایەتی بەبڕچوونەکەم نەکرێت.

سکۆمینا یاریی کۆتایی چامپیۆنزلیگ بەڕێوەدەبات



یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپی ناسنامەی ئەو ناوبژیوانەی ئاشکرا کرد بۆ بەڕێوەبردنی یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەنێوان هەردوو ئینگلیزی لیڤەرپوول و تۆتینهام، دامیر سکۆمینای سلۆڤینی شەرەفی ئەوەی بەرکەوت ئەو یارییە مێژوویییە بەڕێوەببات، کە بڕیارە لە 1ی حوزەیرانی داهاتوو لەسەر یاریگای میترۆپۆلیتانۆ لە مەدرید بەڕێوەبچێت.

دەستەی ناوبژیوانی ئەم یارییەش پێکدین لە هەریەک لە دامیرسکۆمینا (ناوبژیوانی سەرەکی- سلۆڤینی)، یۆری برابرۆتنیک (یاریدەدەری یەکەم- سلۆڤینی)، ڕۆبیرت ڤۆکان (یاریدەدەری دووەم- سلۆڤینی)، ئەنتۆنیۆ ماتیۆ لاهۆز (ناوبژیوانی چوارەم-ئیسپانیا)، دانی ماکیلی و ڤان بویکل و زوایەر و مارک بۆش (ناوبژیوانانی VAR.

نوێر

گومانی هەیە بۆ یارییەکەی شەممە ئامادەبێت



مانوێل نوێری گۆڵچی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە پێی وانیە بەباشی ئامادەبێت بۆ یاریە چارەنووسساز ەکەی بایرن میونشن لەگەڵ ئینتراخت فرانکفۆرت، کە بریارە لە دوا گەڕی خولی ئەڵمانیا ڕووبەڕووی یەک ببنەوە.

نوێر دەڵێت: بەبەردەوامی یارییەکەی فرانکفۆرتم لەمێشکدایە، ناتوانم بڵێم ئامادەم بۆ ئەو یارییە و لەهەمان کاتیش ناتوانم بڵێم ئامادەنیم، هەوڵ دەدەم بۆ ئەو یارییە ئامادەبم، هێشتا کات ماوە بۆ بڕیاردانی کۆتایی.

هەرسێکیان کشانەوە



پاڵەوانێتی کراوەی تێنسی ڕۆما وەک پێشووتر ئەو تام و چێژییەی نامێنێت، ئەویش بەهۆی دابڕانی ژمارەیەک کچەتێنسزان لەبەشداریکردنی ئەم پاڵەوانێتییە.

ولیامز کە 23نازناوی گراند سلامی بەدەستهێناوە بڕیاریدا لەو پاڵەوانێتییەدا بکشێتەوە دوای ئەوەی قاچی چەپی تووشی پێکان دەبێت، بەمەش ناتوانێ بەشداری پاڵەوانێتی کراوەی ڕۆما بکات کە 4جار توانیوەتی نازناوەکە بباتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە ڤۆزنیاکی هەڵگری نازناوی پاڵەوانێتی کراوەی ئوستراالیا و ئۆستاپینکۆی تەمەن 21ساڵ کە بەر لە دوو ساڵ نازناوی ڕۆلان گارۆسی بەدەستهێنابوو، بڕیاریاندا بەشداری لە پاڵەوانێتی ڕۆمادا نەکەن، ڤۆزنیاکی توچی پێکان بوو، ئۆستاپینکۆش دوای دۆڕانی لە میهایلا بۆزانیسکۆی ڕۆمانی بڕیاریدا بکشێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 16. Apr. 2019 No: (5751)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



باکووری کوردستان.. وەرزی لێکردنەوەی گەراز - ئەو میوە بەهاربیەی دەمت ئاودەکات بۆی




ئازاد جەلەولایی:

هەتا مردن پێشمەرگەم

خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

هونەرمەند ئازاد جەلەولایی سالانێکە لە بواری هونەردا کاردەکات هەرچەندە کەمئەندامە بەڵام کاری نەکردوەتە سەر هونەرەکەی و ،جگەلەوەش پێشمەرگەیە لە یەکەی 80ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەودای 16ی ئەکتێبەرەوە ئاوارەی شاری هەولێر بووە .لەمبارەیەوە تایبەت بۆ خەبات وتی: سالانێکە گۆرانی دەڵێم و چەندین گۆرانی تایبەت بە خۆمم هەیە، پێشتر لە جەلەولا بەردەوام بوم لە کارە هونەرییەکانم بەڵام شەڕی داعش وایکرد ئاوارەی خانەقین بین و، روداوەکانی 16ئەکتێبەریش دیسان ئاوارەی کردین و ئێستا لە هەولێر دەژیم، هەرچەندە وەکو جاران ناتوانم خزمەت بکەم چونکە هێشتا لە هەولێر باش نەناسراوم ، بەڵام ئەمە واناکات لە هونەرەکەم سست ببمەوە .من پێشمەرگەم و هەتا دەمرم هەر پێشمەرگە و خزمەتکاری پێشمەرگەم .




شێوەکار زەینەب حوسێن

کچە شێوەکارە ئەڵوەنییەکە لە داهێنان بەردەوامە

خەبات: فاتمە قاسم حەبیب

زەینەب حوسێن موسا، ناسراو بە زەینەب ئەرکەوازی لە دایکبوی 1973ی خانەقینە، بەکالۆریۆسی یاسا هەیە و هەروەها دەروی پەیمانگای مامۆستایانی خانەقینە. سالانێکە زەینەب ئەرکەوازی خزمەت بە هونەر دەکات لە خانەقین ودەرەوەی خانەقینیش ووەک خۆی وتی: پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە خولیای هونەرییم هەبووە و زۆر حەزم لە وێنەکێشان هەبووە و ئەو خولیایەش دەکەوێتەوە بۆ باوکم کە وێنەی دەکێشا کە هەرچەندە پسپۆری نەبوو بەڵام دیوارەکانی ماڵەوەمانی هەموی کردبووە دیمەنی جوان جوان . خانەقین جولانەیەکی هونەری باشی تێدایە بەڵام دەبێ هاوکاری بکرێن . من تابلۆکانم بە ماتریالی زێیت دەکەم و جاروباریش ئیکرلیک یش بەکار دەهێنم .



یەکێک لە تابلۆکانی کچە شێوەکار زەینەب حوسێن

مارکۆ کەریم:

خەریکە هونەری ڕاستەقینە و ڕەسەنی کوردی ڕێگەی لێ ون دەکرێ



میوزیکژان مارکۆ کەریم



دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین

ناوم (مارکۆ کەریم) سەرەتای دەسپێکردنم دەگەڕێتە وە بۆ ٢ ساڵ پێش ئێستا وە هەر لە منداڵیمەوە خولیای دەنگبێژی بووم. خاوەنی بەرهەمێکم بە ناوی (نیگای پڕ هەست) کە لەمیلۆدی دابان شیخانی، تێکستی ئەمین گەردیگلانی وە دابەش کردنی میوزیکیش لە لایەن مامۆستا عەبدولا ئەمین بۆی کراوە. ئەمە وتەی دەستپێکی هونەرمەند بوون:

چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئێستای هونەری کوردی هەیە؟

لەڕاستیدا هونەری کوردی هونەرێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بەهۆی زۆربوونی گۆرانیبێژەوە چەندین جۆر ستایل دروستبووە کەئەمەش لایەنی ئیجابی وسلبی خۆی هەیە، لایەنێکیان ئەوە کەناکرێت ڕێگری بکرێت لەو گۆرانیبێژانەی کە میلۆدی بیانی بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمەکانیان، چونکە ئەو شێوازە تاڕادەیەک لەجیهاندا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کە هەیە ناکرێت بەوجۆرە زۆرە باڵ بکێشێت بەسەر ونەری کوردیداو بێتە هۆی کاڵبوونەوەی هونەری ڕەسەنی کوردی.

چیت بۆ بۆنە نەتەوەییەکان هەیە؟

لەڕاستیداجگە لەوتنەوەی چەند گۆرانیەکی هونەرمەندانی پێشووتائێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە کەبەرهەمێکی تایبەتم هەبێت بۆ بۆنە نەتەوەییەکان، بەڵام بێگومان کاری گەورە لەپلانداینە بۆ نیشتمان لەداهاتوودا.

کێ هۆکارە لەوفەوزایەی لەهونەری کوردیداهەیە؟

دەکرێت بڵێم هۆکارزۆرە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، چاودێری نەکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەروەها خەمساردی میوزیسیان و دەنگبێژەکان وبەشێکیش دەگەڕێتەسەر ناهۆشیاری گوێگر، کەئەمەدەکاتەهۆکاری ڕاستەقینەی ئەوفەوزایەی کەلەهونەرداهەیە.

بۆ گۆرانی وەکو ساڵان تام و لەزەتی نەماوەو ماوەیەکی زۆرنامێنێتەوە؟ ئایا موزیک هۆکارە یان هونەرمەندەکان؟

لەبەر ئەوەی خەریکەهونەری ڕاستەقینەو ڕەسەنی کوردی ڕێگەی لێ ون دەکرێ، لەلایەن چەند گۆرانیبێژو میوزیسیانێکەوە لەپێناو پارەو ناوبانگدا، کە دواجار هەردوولاهۆکارن.

بەکارهێنانی ئافرەت لەکلیپ چۆن سەیردەکەیت؟

بەکارهێنانی ئافرەت تا ئەو ڕادەیە ئاساییە کە لە کلتورو ئایینی کوردی دەرنەبێت و لەپێناو بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمەکە بەکارنەهێنرێت.

هونەرێت؟

لەئێستادابەرهەمێکم ئامادەیەبەناوی (نیگای پڕ هەست) وهەموکارەکانی تەواوکراوە و تەنها کلیپی ماوە وئینشاڵلا لە داهاتویەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە بەهیوای توانیبێتم خزمەتی باشی هونەری ڕەسەنی کوردی بکەم.

تاچەند ڕەسەنایەتی هونەر پارێزراوە؟

لەپێشتر داگرنگی پێدەدراوهونەری ڕەسەنی کوردی دەپارێزرا، بەڵام لەئێستادابەهۆی کاریگەری هونەری دراوسێ وبێ سەلیقەیی هەندێ لەگۆرانیبێژان پارێزراو نییەو بەهیوام ئاوڕێکی جدی لەو بابەتە بدرێتەوە.